# بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

**ID No.71**

(PP 124 - 143)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.7

**سازە حسین رسوڵ**
بەشی موزیک-کۆلێژی هونەرەجوانەکان / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
saza.rasul@su.edu.krd

**دیار محی الدین صادق**
بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی ودەروونی -کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Diyar.sadeq@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2021/08/22**
**پەسندکردن : 2021/09/22**
**بڵاوکردنەوە : 2021/12/25**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئاستەکانی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گشتی و بە گوێرەی ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ ) و پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی ) ، سنووری توێژینەوەکە بریتی یە قوتابیانی( نێر – می ) ی ناو کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە هەردوو پسپۆری (مرۆڤایەتی- زانستی) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ . لە سامپڵی توێژینەوە (560) قوتابی بوو ( ١٦٠ قوتابی ) سامپڵی سەرەتایی و ( ٤٠٠ قوتابی ) سامپڵی کۆتایی بوو ، پێوانەی توێژینەوە لەلایەن توێژەران ئامادەکرابوو کە (37 برگە ) بوو ، پاش جێبەجێکردنی خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی تایبەت بە پێوانەکە (ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و هێزی جیاکاری و جێگیری ) پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی بووە ( ٢٧ برگە ) ، جێگیری بۆ پێوانەکە بەرێگەکانی ئەزموون و دووبارەکردنەوە و رێگەی ئەلفا کرونباخ دۆزرایەوە ، پاش جێبجێکردنی کۆتایی پێوانەکە لەسەر سامپڵی کۆتایی توێژینەوە ، هەموو ئامارکارییەکان بە هەگبەی ئاماری ( spss) چارەسەر کران ، و ئەنجامەکان دەریان خست کەوا ئاستەکانی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گشتی بەرزە و ئاستەکانی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی ( کچ ) و قوتابیانی ( پسپۆری مرۆڤایەتی ) زیاترە .

**کلیلە وشە:** بیرۆکە خوڕافییەکان ، کۆڤید ١٩.

## 1- پێشەکی

### 1-1 - گرفتی توێژینەوە :

بیرکردنەوە بەرزترین شێوەکانی چالاکی مێشکە ودیارێکی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤ ، وشارەستانیەتی مرۆڤایەتی باشترین بەڵگەی کاریگەرییەکانی بیرکردنەوە یە ،بەمجۆرە ئەو کردارییە کە عەقڵ بەڕێگایەکی نوێ شارەزاییەکانی تاک ڕێکدەخاتەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی و درککردنی پەیوەندی یەکانی ( أبو جادو ونوفل ، 2007 ، لا 25 ) .

بیرکردنەوە بە یەکێک لەپرۆسە عەقڵیە مەعریفیە باڵاکان ئەژمار دەکرێت ، کە ڕۆڵی هەیە لە گەشەکردنی مرۆڤایەتی و ڕووبەربوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ژیان و دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکان ، هەروەک بیرکردنەوەی تاک بە سەرمایەی سەرەکی کۆمەڵگە وەسف دەکرێ ، هۆکاری پێشخستنی کۆمەلگاکان و شێوازی ژیان کردنێتی ، لەلایەکی دیکە یارمەتیداری تاکە بۆ دەربڕینی خودی خۆی و پێشکەوتنی کارامەییەکانی ( الطیب ، 2006 ، لا 19 ) .

کاتێک بیرۆکەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایەک دوور بێت لە بەڵگەی زانستی و مەنتیقی ، ئەوا کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر ڕەوتی پێشوەچوونی ئەو کۆمەڵگایە دروست دەکات و لەوەیە هۆکارێک بێت بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکە خوڕافییەکان و نا زانستییەکان .

خوڕافە وەک دیاریدە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان بوونی هەیە ، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە کاروانی شارستانیەت و پێشکەوتن دوا دەکەون ، ولەوەیە بروا هێنان بەم بیرۆکە خوڕافییانە هیچی کەمتر نەبێت لە تووشبوونی مرۆڤ بە ئیفلیجی ، و ببێتە فاکتەری سەرەکی دابەزینی ئاستی هۆشیاری و عەقڵی ئەو تاک و کۆمەڵگایانە ( معوض ، 1984 ، لا 131 ) .

خوڕافە و زانست بەیەک ناگەن و لێک دوورن ، و بیرۆکە خوڕافییەکان بەربەستی بەردەم بیرکردنەوەی زاستی و مەنتیقی یە و دەبێت شۆرشێک بەرپابکرێ یان چالێنچێک داوا بکرێ بۆ دوورکەوتنەوە لە خوڕافە و خوڕافییاتی وەک سیحر و فاڵ و خوێندنەوەی بەخت و ....هتد ( القرةغولي و حمدان ، 2006 ، لا 320 ) .

لەم کاتانەی پێشوودا ترسی بلاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ( کۆڤید ١٩ ) هەموو کۆمەڵگا و جیهانی داگیرکرد ، و لەگەل بوونی ئەم هەموو پێشکەوتنە زانستیە و پزیشکیانەی جیهان ، بەڵام ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ لە جیهان و ژمارەیەکی بەرچاوی تاکەکانی کۆمەڵگای عیراقی مردن وتا ئێستاش نەبوونی چارەسەرێکی ڕاستەوخۆی ئەم نەخۆشییە گەورەترین مەترسییە ، و هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی حاڵەتەکانی تۆقان و دڵەڕاوکێ ی و لەکار کەوتنی ژیانی گشتی و مانەوەی بەزۆری ماڵەوە و کۆرنتینی تەندروستی و خۆپاریزی کردن ، ترس لە تووشبون بە ڤایرۆسی کۆرونا کە یەکێکە لە نەخۆشییە گوێزراوە ترسناکەکان ، ئەمانە بونە بارقورسایی ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و خێزانی و کۆمەڵگەیی و دەبنە پیویستیکی حەتمی بۆ بەرباس کردن و توێژینەوە لێ ی ( حمادي ، 2020 ، لا 398 ) .

لەبەر تەشەنەکردنی زۆری ( بەگوێرەی زانیارییەکانی توێژەران ) بیرۆکە خوڕافییەکانی پەیوەست بە بڵابوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرونا ( کۆڤید ١٩ ) لای زۆربەی چین وتوێژە هەمەجۆرەکانی کۆمەلگەی کوردی بە خوێندەوار و نەخوێندەوار و گەورە و بچووک ، بەتایبەتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە نمونەی ( نووشتە و دوعای پارێزبەندی دژ بە کۆرونا ، ڕەشبینی لە هاوسەرگیری لە کاتی کۆرونا ، مردنی بەساڵاچوان بە کۆرونا ...هتد ) ، ئەمەش دەبێتە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ، هەروەک توێژەران پێیان وایە بوونی بیرۆکە خورافییەکان یان نەبوونی گرێدراوە بە ژیانی مرۆڤایەتی ، بەڵام زۆربوونی لە ڕادە بەدەری بیرۆکە خورافییەکانی پەیوەست بە نەخۆشی کۆرونا دەبێتە کێشەیەک بۆ ئەم توێژینەوەیە ، و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوەیکی مەنتیقی و پیویست دەبێت بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا .

هەر بۆیە توێژەران هەوڵ دەدەن توێژینەوەی بابەتێکی سەردەمییانە و نوێ بکەن ، وهەوڵدانەکانی توێژەران لەم توێژینەوەیە گرفتی کەم باسی و توێژینەوەی دەروونی و پەروەردەیی لە بابەتی کۆرونا ڤایرۆس پر بکەنەوە ، چونکە باس نەکردنی نەخۆشی و ڤایرۆسی کۆرونا وەک بابەتێکی دەروونی و پەروەردەیی لەوەیە بەرگەی دەروونی و شێوازەکانی بەرەنگار بوونەوەی دەروونی تایبەت بە نەخۆشی کۆرونا ١٩ ئاڵۆز تر بکات ، و ڕەنگە ببێتە هۆکاری لەدەست دانی ئارامی دەروونی و دروست بوونی شڵەژان و دڵەڕاوکێ ی دەروونی لای تاکەکانی ئەم کۆمەلگایە ، کە قوتابیانی زانکۆش بەشێکی بەرچاوی ئەم کۆمەلگایەن . توێژەرەان گرفتی توێژینەوەکەیان لەم پرسیارە کورت دەکەنەوە : کە ئایا ئاستەکانی بیرۆکە خوڕافیەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە چ ئاستێکدایە ؟

**1 – 2 - گرنگی توێژینەوە :**

هەوڵدانی زۆر بۆ ڕاڤەکردنی بیرۆکەکانی مرۆڤ وەک پرۆسەێکی بەرزی ژیری و گەشەپێدەری تاک و کۆمەلگاکان ، پڕ بایەخی ئەم بابەتە دەسەڵمێنیت لای فەیلەسوف وبیریار و زاناکان ، هەربۆیە دۆزینەوەی نهێنی یەکانی پرۆسەی بیرکردنەوە ئارەزووی زۆرێک لە بیریاران بووە ، بەجۆرێک مرۆڤ بتوانێت بە دروست و گونجاوی ئەم پرۆسەیە بەکار بهێنیت بۆ زیاتر خۆگونجاندن لەتەک ژینگە و باشترکردنی بارودۆخەکانی ژیان لە لایەنە هەمەجۆەکان ( العتوم و الجراح ، 2007 ، لا 55 ) .

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە بابەتێکی زۆر گرنگی ژیانی تاک و کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە بیرۆکەکانی تاکە ، چونکە بێ بیرۆکە و بیرکردنەوە مرۆڤ کە خودای گەورە پێی بەخشیوە ، نەدەگەیشتینە ئەو پێشکەوتنانەی کە ئێستا لە شارەستانیەت و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا هەیە ( السامرائي و العاني ، 1990 ، لا 2 ) .

مەبەست لە خوڕافە باوەڕ و بیرۆکەیەکە یان چەند بیرۆکەیەکە کە لەگەل واقع و زانستدا ناگونجێت ، و وەک دیاریدەیکی کۆمەڵایەتی لەپر و ناکاو دەرناکەوێ ،بەڵکو لای ئەوانەی بڕوایيان پێ ی هەیە نەگۆڕە و بەردەوامیشە ، بەجۆرێک ڕووداوەکانی ژیانیان پێ ڕاڤە دەکەن و چارەسەری گرفتەکانی پێ دەکەن ، ڕەنگە ئەو تاکانە پەنا بۆ بیرۆکە خوڕافیەکان دەبەن کاتێک هیچ شێوازێکی تری باشتری نەبێت بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەڵوێستەکە ( حجازي ، 2005 ، لا 143 ) .

جیاوازی نێوان خوڕافە و بیروباوەری هەڵە ئەوەیە کە خوڕافە شیکردنەوەیکی نا لۆژیکی یە ، بەڵام بیروباوەری هەڵە بیرۆکەیەکە یان بۆچوونێکی نا دروستە سەبارەت بە بابەتێک کە تاکەکە هەوڵ دەدات پاساوێک یان شیکردنەوێکی بۆ بدۆزیتەوە ، بەمجۆرە خورافە بە دوورکەوتنەوە لە بابەتیانە و نا لۆژیکیانە دەناسرێتەوە بەڵام بیروباوەڕی هەڵە بە ناڕاستی و ناجروستی دەناسرێتەوە ، لە لایەکی تر بیرۆکە خوڕافیەکان زووتر و لە کۆنەوە بەدەرکەوتووە بە بەراوورد بە بیروباوەری هەڵە کە لەگەل هەر هەڵوێستیکی نا دیار و گرفتێکی نوێ بەدەر دەکەوێ ( عیسوي ، 1984 ، لا 18 ) .

لە ڕابردووی هەندێک لە کۆمەڵگاکان ، شلەژان و گرفتە دەروونی یەکانی مرۆڤ ، بە هاتنە ژوورەوەی جن و شەیتان و گیانە شەڕانگیزی یەکان بۆ ناو جەستەی نەخۆشەکان گرێ دەدران ، و هەڵسووکەوتی نەخۆشەکەش زیاتر بە وەسواسی لێکدەدرانەوە نەوەک بە ڕەفتاریکی نالۆژیکی و خوڕافی ( الحفني ، 2005 ، لا 59 ) .

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا ڕووبەرووی زۆرێک لە پەتا و نەخۆشی بۆتەوە ، وەرەنگدانەوەی لەسەر سروشت شێوازی ژیانی تاک و کۆمەڵگە هەبوو ، هەردەم مرۆڤ هەوڵیداوە چارەسەر و پێکووتەی گونجاو بۆ ئەو پەتا و نەخۆشیانە بدۆزیتەوە ، هەر بۆیە لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ پەتای ( کۆڤید ١٩ ) بەناوی ڤایرۆسی کۆرونا بەدەر کەوت ، و بەخێرایی زۆر لەچەند وەڵاتێک بلاوبۆوە ، ئەم بلاوبوونەوە خێرایە و نەبوونی زانیاری وورد لەسەر (پێکوتە – ڤاکسین) ی تەواوەتی چارەسەری ئەم پەتایە ، ترس وتۆقاندنیکی لە ڕادەبەدەری لە کۆمەڵگاکان دروست کرد ، وچەندین بیرۆکە و توێژینەوەی زانستی لەوبارەیەوە ئەنجامدران ، لە بەرامبەردا چەندین بیرۆکەی نا لۆژیکی و خوڕافی لەگەل بڵاو بوونەوەی ( کۆڤید ١٩ ) بلاو بۆیەوە وەک ( ئەم پەتایە سزای خراپی مرۆڤە ، کۆرونا بازرگانی و شەری جیهانی سێیەمە ، شوێنە ئایینەکان پارێزراون لەم پەتایە ، خواردنی سیر وپیاز دەمانپارێزن لە تووشبوون بە کۆرونا .....هتد ) ، تەنانەت هەندێک پیاوانی ئاینی ( ژمارەیکی کەم ) لەکاتی ( کۆرنتین ) داوای کردنەوەی شوێنە ئاینەیە پیرۆزەکانیان دەکرد ، وهەندێکی تر لە پیاوانی کار سیحری نووشتە و دوعای سیحرییان بۆ خەلک دەکرد بۆ خۆپاریزی لە تووشبوون بەم پەتایە ، بەمجۆرە ئەم پەتا تازەیە بە چەندین بیرۆکەی خوڕافی و ئەفسانەیی و نا لۆژیکی دەورە درا ، تا بەم بیرۆکانە بە ڤایرۆسێکی کوشندەیی مرۆڤایەتی ناوزەند کرا .

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO, 2020) ڤایرۆسی کۆڕونا ( کۆڤید 19 ) گروپێکی گەورەی ڤایرۆسیە کاتێک تووشی مرۆڤ دەبێت ، هەست تەنگەنەفسی و کۆکەی توند و وشک ونزمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسجین و ئازاری قورگ و جەستە وبەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەش دەبێتەوە(ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، 2020 https://www.who.int/ar) .

و لە ڕوانگەی هەستکردنی توێژەران بە ئاست و ڕادەی بلاوبوونەوەی بیرۆکە خوڕافییەکانی تایبەت بە کۆڤید ١٩ لە کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و قوتابیانی زانکۆ بەتایبەتی گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەکاتە حەتمی ، تا لەم توێژینەوەیدا گرنگی زیاتر بە بابەتێکی هەستیاری وەک بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لە نێو قوتابیان بدرێ ، و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی تەندروست بۆ ڕاستکردنەوەی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ چونکە بە شێوەیکی زانستیانە و پشت بەستوو بە ئامار و داتایی کۆکراوەی ئەم توێژینەوە دەگەینە ئاست و ڕادەی بلاوبوونەوەی ئەم بیرۆکە خوڕافییانە ،هەروەک گرنگی ئەم توێژینەوەیە (بە پێ ی بۆچوونی توێژەران) بڵاوبونەوەی بیرۆکە خوڕافییەکان نیە چونکە بیرۆکە خوڕافییەکان ڕێژەیین و هەموو کات و شوێنەکاندا بوونیان هەیە ، بەڵام دەست نیشانکردنی زۆری بڵاوبوونەوەی ئەم بیرۆکانە لای قوتابیانی زانکۆ کە بە هۆشیارترین چینی کۆمەلگای کوردی ئەژمار دەکرێن ، گرنگی زیاتری ئەم توێژینەوەیە دەسەڵمێنیت .

**1 – 3 - ئامانجەکانی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی دۆزینەوەی :

١ – ناسینی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گشتی .

٢ – جیاوازی لە ئاستی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی :

أ – ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ ) .

ب – پسپۆری (مرۆڤایەتی– زانستی ) .

**1 – 4 - سنووری توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە سنووردار کراوە بە بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی( نێر – می ) ی ناو کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە هەردوو پسپۆری (مرۆڤایەتی– زانستی) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ .

**1 – 5 - چەمکەکانی توێژینەوە :**

یەکەم : بیرۆکە خوڕافییەکان :

پێناسەی ( الموسوي ، 2002 ) : بیرکردنەوەیە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی زانستی و لۆژیکی ( الموسوي ، 2002 ، لا 197 ) .

پێناسەی ( القضاة ، 2013 ) : بیرۆکەیەکە دەربارەی شتێک کە بوونی بابەتیانەی نەبێت بەڵکو زیاتر لە خەیاڵ و وەڕێنەی تاک چوارچێوە دەگرێت (القضاة ، 2013 ، لا 870 ) .

پێناسەی (کامل، 2019 ) : شیکردنەوەی ڕووداوەکانە بەشێواز ورێگەی دوور لە زانست و لۆژیک ( کامل ، 2019 ، لا 353 ) .

**دووەم : کۆڤید 19 :**

پێناسەی ( 2020، who ) : ناوی ڤایرۆس کۆرۆنا – (COVID-19) وەک لە زمانی ئینگلیزی پێکهاتووە لە (CO ) کە دوو پیتی یەکەمی ووشەی (corona ) و پیتەکانی (VI) دووپیتی یەکەمی ووشەی ڤایرۆس (virus) ە ، و پیتی (D ) واتا پیتی یەکەمی ووشەی نەخۆشی (disease) یە بە زمانی ئینگلیزی ( ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ، 2020 www.who.int ) .

پێناسەی (2020، who ) : ڤایرۆسێکی نوێ یە و پەیوەندی هەیە بە خێزانی ڤایرۆسەکانی تایبەت بە ساندرۆمی سارز و هەناسە تووندی و هەندێک لە هەڵامەتەکانی تری ئاسایی ( ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ، 2020 www.who.int ) .

پێناسەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO , 2020 ) : گروپێکی بەرفراوانی ڤایرۆسیە و تووشی مرۆڤ دەبێت ، هەست تەنگە نەفسی و کۆکەی توند و ووشک و نزمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسجین و ئازاری قورگ و جەستە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش دەبێتەوە (رێکخراوی تەندروستی جیهانی ، 2020 https://www.who.int/ar ) .

پێناسەی ڕێکاری بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 : ئەو نمرەیە یە کە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بەدەستی دەهێنن لەکاتی وەڵامدانەوەی بڕگە و پرسیارەکانی پێوانەی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 توێژینەوە .

**2- چوارچێوەی تێۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**2 – 1 چوارچێوەی تیۆری :**

**2 – 1 – 1 - بیرۆکە خوڕافیەکان Superstitious thoughts**

**2-2-2 – چەمکی بیرۆکە خوڕافیەکان و مێژووی سەرهەڵدانی :**

ئاماژە به مانای زمانەوانی خوڕافە لە ( المختار الصحاح ) دراوە ، کە لە ناوی پیاویک داڕێژراوە و لە هۆزی ( خوڕافە ) بوو ، بەهۆی دڵخوازی لەگەل ( جن ) وکاتێک قسەی بۆ خەڵکی دەکرد بە درۆ ئەژمارییان دەکرد و دەیانووت ( قسەی خوڕافە ) یە ، ودواتر مانای زمانەوانی ( خرف ) بوو بە تێکچوونی عەقڵ ( عبد الحميد ، 1986، لا 72 ) .

کەواتە خوڕافە و خڕفاندن ووشە و چەمکن و خەڵکی بەردەوام لەناو خۆیاندا بەکار دەهێنن بە مەبەستی درۆ و دوور لە ڕاستی و مەعقولیەت و مەنتیق ، ونزیک لە خەیاڵ و ئەندێشەی نا زانستی ،هەندێک جار ئەم سیفەتە دەخەنە پاڵ کەسی بەتەمەن و بە ( پیری خەڕەفاو ) ناوی دەبەن ، قسەکانی بە جیددی و ڕاستی وەر ناگیریت ، بەمجۆرە خوڕافە بە هەموو ماناکان و لێکدانەوەکانی ئاماژەیە بۆ دوور کەوتنەوە لە واقعی بابەتی ( ألهامي ، 1982 ، لا 13 ) .

واتای زانستی خوڕافش بریتیە لە باوەڕێک یان بیرێك کە کۆك نیە لەگەڵ واقعی بابەتی بەڵکو پێچەوانەیەتی و هەموو بیرێک یان بیرۆکەیەک یان باوەڕێک کە پێچەوانە بێت لەگەل واقعی بابەتی لە ڕووی زانستیەوە بە خوڕافە دانانرێت بەڵام مەرج بۆ ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە سیفەتی بەردەوامی هەبێت ، وبەشێوەیەکی گشتی خوڕافە هەندێک سیفەتی خۆی هەیە کە لە چەمکەکانی تری جیا دەکاتەوە ، وەک هەوڵدانی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی تام بەشێوازی دوور لە زانست و عەقل ، و هەروەها خۆشاردنەوەی لە پشت هەندێ چەمکی گشتی وەک ئاین و عەقیدە ....هتد ، وهەرکاتێک بیرۆکە خوڕافیەکان بووە سیفەتێکی کەسایەتی تاک ، ئەوا زۆرجار وەک ئەرکێکی دەروونی پاداستی پۆزەتیڤی تاکەکە دەکات و بەردەوامی دەکات بە خۆگرێدانە بە بیرۆکە خوڕافیەکانی ، و تاکەکە پەنای بۆ دەبات کاتێک هیچ رێگەیێکی تری مەنتیقیانە نەمێنێت بەلای تاک تا ڕووداوەکانی پێ شیبکاتەوە ( فهمي ، 1995 ، لا 14 ) .

کەواتە بیرۆکەیەک یان باوەڕێک کە پێچەوانەوەی واقعی بابەتی بێت وسیفەتی بەردەوامی هەبێت لە ڕووی زانستییەوە دەبێتە خوڕافە ، وبەگشتی خوڕافە جیادەبێتەوە لە چەمکەکانی تر بەوەی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کەسێک بەشێوەیێکی دوور لە زانست و عەقڵ و لۆژیک ، وکە بیرکردنەوەی خوڕافیەکان دەبێتە خاسیەتێکی کەسایەتی ئەوکات پاداشتی کەسەکە دەکات و بەردەوامی دەکات لە گرێدانی بیرۆکەکانی بە خوڕافەکان ، وکەسەکە پەنای بۆ دەبات کاتێک هێچ میتۆدێکی تری گونجاو نەدۆزێتەوە بۆ شیکردنەوەی ڕووداو هەڵوێستەکانی دەوەربەری ( أبو سمره ، 2017 ، 14 ) .

ئەوەی دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان خوڕافەکان و بیروباوەرە هەڵەکان کاتێک خوڕافە شیکردنەوەیێکی نا لۆژیکیە و دەبێتە ئامرازی دەست کەسێک بۆ بەرنگاربوونەوەی گرفتەکانی ئەوکاتەی هیچ رێگەچارەیێکی باشتری نەبێت ، لە بەرامبەردا بیروباوەڕی هەڵە بیرۆکەیکە یان بۆچوونێکی نادروستە لەمەڕ هەڵوێستێکی دەست نیشان کراو کە کەسێک هەوڵ دەدات پاساوێک یان شیکردنەوەیێکی

بۆ بدۆزیتەوە ، دەرئەنجام بیرۆکە خوڕافیەکان دوورکەوتەوەیە لە بابەتیانە و لۆژیکە ، کەچی بیروباوەڕی هەڵە بەواتای ناڕاستی دێت ،هەرچەندە زۆرێک بە یەک واتا لێکی دەدەنەوە ( عیسوي ، 1984 ، لا 18 ) .

بیرۆکە خوڕافیەکان وبیرۆکە زانستییەکان هاوبەشن لە خاڵی سەرەتا ئەویش ئارەزووە لە بەدەستهێنانی زانیاری و پێویستی زۆری تاک بۆ دۆزینەوەی شاراوەکانی داهاتوو ،بەلام بیرۆکە خۆڕافیەکان بە ڕێچکەیکی جیاواز لە زانست دەڕوات چونکە پشت نابەستێت بەگەڕان وتوێژینەوە وتێبینی و باوەڕهێنانی زانستی ،بەلکو پشت دەبەستێت بە هەندێک تیۆر و فەلسەفەی ڕووکەشی و نەزۆک و ناتوانیت بەڵگەی زانستی لەسەر درووستی بیرۆکەکان پیشکەش بکات ( سرحان، 1963، لا 53 ) .

خوڕافە لەسەرەتای بوونی مرۆڤەوە بوونی هەیە ، و مرۆڤی کۆن هەوڵی داوە دیاریدەکان شیبکاتەوە ، و بیرکردنەوەی سادەی گەیاندویەتیە هەندیک شیکردنەوەی ڕووکەش و نا مەنتیقی ، ولەڕوانگەی خۆی و بۆ ئەوکات ئەوپڕی داهێنان بووە ، وەک حاڵتە هەڵچوونیەکانی بەوە داناوە کە بوونەوەرێکی تر هەیە لەناخیدا کۆنترۆڵی کردووە ، و هەندێک جاریش لە شەرانگیزی و شیکردنەوەی خەونەکان و مردن....هتد پێ ی وابووە ئەو بونەوەرە دەتوانێت جەستەکەی جێ بهێلێت و دەچێتە شوێنیکی دوور ودواتر دەگەڕێتەوە ، یان هەندێک جار ئەو بونەوەرە دەڕوات و ناگەڕێتەوە وەک مردن ( حجازي ، 1986 ، لا 145 ) .

لەمێژووی مرۆڤایتیدا تاک پەیوەست بووە بەبیرۆکە خوڕافیەکان چونکە ئەو بیرۆکانە بەهێزن وخاوەن پاڵپشتی کۆمەڵگاکانن ، وتاکەکانی ناو کۆمەڵگا ناتوانن خۆیان لێ دەرباز بکەن ،وبەشێوەێکی نەستی بڕوای پێ دەکەن ، وهەندێ جار کە تاک دژایەتی ئەم بیرۆکە خوڕافیانە بکات ،لەوەیە ڕووبەڕووی هێرشی توندی بۆچوونەکانی کۆمەڵگا بێتەوە یان ڕووبەڕووی دژایەتی توندی کومەڵە باوەڕ پێهێنەرەکەی ببنەوە ، چونکە ئەوان بڕوای تەواوییان بەو بیرۆکە خوڕافیە هەیە وبڕوایان بە دروستی و معقولی بیرۆکەکە هەیە ، هەرچەندە کەسانێکیش هەبن پێچەوانەی ئەوان بن ( مصباح، 2017 ، لا 462 ) .

هەندێک جار ڕێکەوت ڕۆلی گێراوە لە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەێکی خوڕافی وەک چیرۆکەکانی خوێنەرەوەی کوپی قاوە ، کەتەنها خەیاڵ و ئەندیشەی کەسە کەیە و لە زانست و مەنتیق بێ بەڵگەیە ، وڕیکەوت وادەکات شیکردنەوە سادە و نا مەنتیقیەکانی قاوە خوێنەرەوەیەک دێتە دی ،دەبێتە پاڵپشتیکی دەروونی تاکەکە بۆ دەرباز بوون لەو بارگرانیە یان ئەو کێشەیەی کە تووشی بووە ، و هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە هیچ شتێکی نایەتەدی ( ابراهیم ومنصور ، 1982 ، لا 16 ) .

پێشکەوتنە خێراکانی بواری تەکنەلۆژیا وکۆمەڵگا و شارستانیەتی مرۆڤایەتی ، هەندێک لە بیرۆکە خوڕافیەکان دەرکەوتن و ئەم بیرۆکە خوڕافییانە هەمەجۆرن بە جیاوازی بوارەکانی ژیانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینی....هتد ، و هەندێکی تایبەت بوون بە بیرۆکە خوڕافیەکانی ( کۆڤید 19 ) و هەندێکی گشتی بوون بە (کەلووەکان – أبراج ، و خوێندنەوەی بەخت و نەوچەوان ....هتد ) ، بەڵام بیرۆکەی خوڕافی تایبەت بە تەندروستی و نەخۆشییەکان پەیوەندی بەهێزی بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەیە ، بەڵکو لەوەیە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بخاتە سەر مەحەکی مەترسی و لەناوچوون .

بیرۆکە خوڕافیەکان هەڕەشەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی هەیە، وتایبەت نین بە کۆمەڵگا و چین و ئاین و ڕەگەز و زمان و .....هتد ، هەروەک تایبەت نین بە کۆمەڵگایکی دواکەوتوو لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆژی بەڵکو هەڕەشەن بۆ کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانیش ، وهەندێ جار کۆمەڵگایکی پێشکەوتووی شارستانی نەیتوانیوە خۆی لە دەست کاریگەریەکانی بیرۆکە خوڕافیەکان و خوڕافیەکانی ناو کۆمەڵگایەکی رزگار بکات ( ویلاند ، ١٩٨٠ ، لا ٢٣٩ ) .

ئەمەش زۆر بە روونی لەکاتی بلاوبونەوەی بیرۆکە خوڕافیەکانی تایبەت بە نەخۆشی کۆرونا ( کۆڤید ١٩ ) هەستی پێ دەکرا ، کاتێک وڵاتێکی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و تەندروستی وەک وڵاتی چین وەک دواکەوترین وڵاتەکانی جیهان گرفتاری چەندین بیرۆکەی خوڕافی تایبەت بە کۆرونا بوون .

**3-2-2 – هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی خوڕافە و بیرۆکە خوڕافیەکان:**

تێنگەیشتن و نەزانین ڕۆڵی گەورەی هەبێت لە دەست رزگار نەبوون لە بیرۆکە خوڕافیەکان ، و بە نەمانی نەزانی بیرۆکەکان لەناو ناچن چونکە ڕەگی بەهێز وقوڵییان هەیە ، بەڵام پێشکەوتنی زانستی لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوە ومیتۆدی توێژینەوەی زانستی بابەتیانەی ڕووداو دیاریدەکان رۆڵی دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی بڵاو بونەوەی بیرۆکە خوڕافیەکان ،چونکە ئەقڵیەتی خوڕافی لەناوناچێت بە گواستنەوەی تاکەکە لە ژینگەیکی دواکەوتوو بۆ ژینگەیکی پێشکەوتووی شارستانی ،بەڵکو دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ئەقڵی و دەروونی تاک ، هەربۆیە توێژینەوەی زانستی هەمیشە یارمەتیدارە لە لەناوبردن و کەمکردنەوەی خوڕافە وبیرۆکە خوڕافیەکان ( فتيحة ، 2018 ، لا 51 ) .

لەلایەکی ترەوە بیرۆکە خوڕافیەکان کاریگەری لەسەر باوەر پێهێنرانی هەیە لە ڕێگەی ئیحائی دەروونی ،بێ ڕەچاو کردنی کاریگەری پراکتیکی خودی بیرۆکە خوڕافیەکە ، ولەوەیە تاک تەنها بە لاسایی کردنەوە کاریگەری خوڕافە قبوڵ بکات بەتایبەت کاتێک زۆریک لەوانەی دەوروبەری بڕوایان پێ هێناوە ( الزاغة ، 2009 ، لا 74 ).

بەبۆچوونی (عیسوي ،1984) ڕاگەیاندنە بینراو و بیستراوەکان ڕۆڵی خراپ و نیگەتیڤ دەبین لە بڵاوبوونەوەی بیرۆکە خوڕافیەکان بەتایبەت ئامرازی تەلفزیۆن ، چونکە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیکی گشتی بەکاری دەهێنن و تایبەت نیە بە کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەوار ، بەڵام ئامرازەکانی تری وەک ( رۆژنامە و گۆڤارەکان ) کەمتر کاریگەری هەیە لەچاو تەلفزیۆن ، چونکە زیاتر تایبەتە بە چینیکی خوێندەوار و بیرۆکە خوڕافیەکانی ناو گۆڤار و رۆژنامەکان کەمتر کەسی نەخوێندەوار پێ ی کاریگەر دەبێت ( عیسوي ، 1984 ، لا 22 ) .

توێژەران پێیان وایە کاریگەری نێگەنیڤی ڕاگەیاندنە بینراو بیستراوەکان کاتێک هەستی پێ دەکرێ کە زنجیرە دراما و فیلم و پرۆگرامەکان بێ فیلتەری پەروەردەی و دەروونی پەخش بکرێن و هیچ چاودێرێکی لەسەر نەبێت ، بەتایبەتی ئەو پرۆگرامانەی کە باس سیحر و جادوو و بەخت و بەرنامە فەلەکیەکان و خوێندنەوەی نێوچاوان و لەپ و قاوەخوێندنەوە ، کە بەشێک لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکان وەک کاڵایێکی بازرگانی بەکاری دەهێنن وزیاتر خەڵک هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لە زانست و بیرکردنەوەی زانستی ، هەربۆیە کەمی بەرنامەی زانستی و لاوازی بیرکردنەوەی زانستی لە سۆشیال میدیا و هۆکارەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک ( فەیسبووک و تویتەر .....هتد ) دەبنە یارمەتیدار بۆ بڵاوبونەوەی بەرنامە خوڕافیەکان و تەشنەکردنی بیرۆکە خوڕافیەکان ، وەهەر لەسەرەتاکانی بڵابوونەوەی نەخۆشی کۆرونا – کۆڤید ١٩ بە ڕوونی هەست دەکرا کە سوشیال میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ببون بە بەشێک  لە بڵابوونەوەی خوڕافیاتی تایبەت بە نەخۆشی کۆرونا ، وڕەنگە خراپ بەکار هێنانی ئاینیش هۆکارێک بێت بۆ بڵاوبوونەوەی بیرۆکە خوڕافیەتەکانی تایبەت بە کۆرونا بەتایبەت ئەو بیرۆکە خوڕافییەی کە ( کۆڤید ١٩ – کۆڕونا سزای خودایە بۆ کەمر بڕوایی مرۆڤ بە ئاین و خودا ) .

هەر بۆیە زۆرێک لە خەڵک بێ گوێدانە خۆپاریزی و ڕێنمایی تەندروستی و زانستی بڕواییان بە بیرۆکە خوڕافیەکان دەهێنا، وملکەچی دەبوون ، وهەندێ لە پیاوانی ئاینی یش بە جیاوازی ئاینەکانی ( ئیسلام و مەسیحی و یەهودی .... هتد ) زیاتر هانی خەڵکییان دەدا بۆ بڕوا هێنان بەو خوڕافیاتە ، ئەمەش جۆرێکە لە ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی ، چونکە بڕوا هێنان بە بیرۆکە خوڕافیەکان وات لێدەکات تێڕوانیت بۆ ڕووداوەکان قەدەری بێت و هیچ بوارێک بۆ توناکانی مرۆڤ ناهێلێتەوە .

هەندێ جار بڵاوبونەوەی خێرای بیرۆکە خوڕافەکان بە بەرژەوەندی کەسی گرێدراوە ، بەتایبەتی ئەو کەسانەی ڕاستی ڕووداو و کارەساتەکان دەزانن و باسی ناکەن ،  چونکە بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەسیتییان دەکەوێتە مەترسی ویان تووشی زەرەر دەبن ، وەک سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی دروست کردنی ڤاکسینەکانی کۆرونا –کۆڤید ١٩ ، و بازرگانی کردن بەبڵاوکردنەوەی بیرۆکەی خوڕافی تایبەت بە درەمان و ڤاکسێنێک و لەکەدار کردن و دابەزاندنی ئاستی ئەوانی تر .

**4-2-2 –تیۆرە دەرونیەکانی تایبەت بە  بیرۆکە خوڕافیەکان:**

تیۆری شیکاری دەروونی پشتی دەبەست بە دەرئەنجامەکانی ووتەکانی نەخۆشە دەروونیەکان ، وبەبڕوای (سیگموند فروید ) نەست پڕە لە بیرۆکە  و ئارەزوو و ترس ، وکاتێک لە نەست دەمێنیتەوە کە قبوڵ نەکرێ لەلایەن خودەوە لەبەر ئەوەی ئازاردارە یان شەرانگیزیە ، وناتوانیت بیتە دەرەوە چونکە منی باڵا سەرکوتی دەکات یان کەپتی دەکات ، بۆیە منی باڵا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی دەربازبوونیان دەکات بە ئامرازەکانی بەرگری ، وەک ئیسقات کردنی ، لەبەر ئەوە فروید پێ ی وایە جن و دیۆزمە بوونی نیە ، بەڵکو پاڵنەری نەستی قەدەغە کراون ولەشێوەی هێزیک دینە دەرەوە کە مرۆڤ سزا دەدات لەسەر پاڵنەر و مەیلە قەدەغەکراوەکانی ، وخوڕافەش بە بۆچوونی فروید دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی نەستە .

کەچی ( کارل یۆنگ ) پێ ی وایە کە مرۆڤ بشێوەیەکی لاوەکی نا عاقڵانی یە ، چونکە پاڵنەرە نەستییەکانی مرۆڤ پاڵ بە مرۆڤ دەنێت بەرەو ناعقڵانیەت ، وبەگوێرەی یۆنگ مرۆڤ ناتوانیت کۆنترۆڵی نەست بکات کە لەڕیگەی شارەزای نەوەکانی رابردوو دروست بوون ( زیعور ، 2008 ، لا ٧٨ ) .

یۆنگ بیرۆکە خوڕافیەکان بە بیروباوەڕیکی بەهێزتر لە هێزی سەروو سروشتی دادەنێت، ولە کردارە شاراوە و سیحرییەکانی کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خەیاڵی پەیدا دەبن ، توانایکی کۆمەڵایەتی بەهێز وەردەگرن ( العیسوي ، 1984 ، لا 13 ) .

و فرویدیەکانی کۆن پێیان وایە بیرۆکە ناعقلانیەکانی منداڵی سەرەتایی لە لایەن باوانەوە بۆیان چێ دەبیت ، خوڕافەش وەک بیرۆکەیکی ناعقلانی ئارەزووە خەفە-کپە کراوەکانی تاکەکە تێر دەکات ، چونکە خورافە دەبێت باشترین تێربوونی ئارەزووەکان (سیجال ، 2014 ، لا 102 ) .

بەڵام مرۆڤ مەیلێکی سروشتی هەیە بۆ دووبارە کردنەوەی هەڵە و بیرۆکە خۆرافیەکان ، چونکە مرۆڤ خۆی بنەما و بیرۆکەی خوڕافی بۆخۆی دادەنێت ، بە دووبارە کردنەوەی ئەو بیرۆکانە لە ڕێگەی پرۆسەکانی بیرکردنەوە ، وەک وابیت ئەم بیرۆکانە بەسوود بن بۆی ،و وەک پاساوی سەرنەکەوتنەکانی لە هەڵوێستەکان بەکاری دەهێنیت ،هەربۆیە بیرۆکە خوڕافیەکانی دەبنە فیلی بەرگری درەوونی بۆ دەرباز بوون لە هەولویستە شاراوەکان و ئاڵۆزەکان ، وبەمجۆرەش بیرۆکە خورافیەکان جیاواز دەبن لە بیرۆکە ناعقڵانیەکانی کە ( ئالبیرت ئالیس ١٩٧٧ ) باسی لێوە کردووە (القضاة ، 2013، لا 866 ) .

( Torgler,2007 ) بوونی خوڕافە لە کۆمەڵگە دەگەڕێنتەوە بۆ چەمکی بێبەشبوون (Deprivation Theory ) ، کاتێک خەلک لە کۆمەڵگاکان پەنا بۆ خوڕافە دەبەن تا خۆیان بگونجێنن لەگەل پێکهاتە ماددی و دەروونیەکانی حاڵەتەکانی بێبەش بوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری ، وئاستی خوڕافە گشتییەکان لای خەڵک پەیوەندی هەیە لەگەل ئاستەکانی نەبوونی جێگیری حکومی . بەڵام تیۆری تەمەن ( Age Theory ) پێیان وایە کە نەوە گەنجەکان دڵنیا نین لە دوارۆژی خۆیان هەربۆیە قەناعەت بە بیرۆکە خوڕافیەکان دەهێنن ( الربیع ، ٢٠١٤ ، لا 51 ) .

( ژان پیاژە، ١٩٣٠ ) ڕوونی دەکاتەوە ئەمجۆرە بیرۆکە خوڕافیانە سیمایێکی بیرکردنەوەی منداڵانن ، چونکە بیرکردنەوەی رۆژانەی منداڵ بەچەندین هەڵە دەناسرێتەوە تایبەت لە چەمکەکانی (هۆکار – ئەنجام) ،وبیرۆکە خوڕافیەکانی منداڵ گرێدراوە بە بیر کردنەوەی ( ئینتیتڤ –الحدس ) کە جۆرێکە لە بیرکردنەوە دەربارەی شتێک و ڕووداوێک بە بێ بوونی بەڵگە و سەڵماندنی زانستی ، وبیرۆکە خوڕافیەکانی( شتەکان - ڕووداوەکان - پەیوەندی هۆکاری) لە خۆدەگرن ، وپەیوەندی نێوان (پەیوەندی هۆکاری) و (شتەکان) بەکاردێـت بۆ وەسفی ئەو هەڵوێستە- خوڕافەیەی کە منداڵ باوەڕی پێتی ،بەم شێوەیە بیرۆکە خوڕافیەکان دەبێـە وێنایێک بۆ توانای کاریگەری لە ڕووداوەکان بەشێوەیکی نازانستی ،وپیاژە بیرۆکە خوڕافیەکان وا دەبینیت کە لایەنێکی گشتییە لە مەعاریفی منداڵی بچوک،وگەشە دەکات لە قۆناغێکی سەرەتایی وئەگەر پێکهاتە سەرە کیەکانی مەعرفی منداڵە کە گەشە نەکات ، ئەوا جێگەی بیرۆکە زانستیەکانی دەگرێتەوە (هلال و أبو حمزة ،2017 ،لا 17 ) .

**5-2-2 – ئاراستە و توێژینەوەکانی بیرۆکە خوڕافیەکان:**

چەند توێژینەوەێکی میتۆدی ڕوکەشی بۆ چوارچێوە کردنی خوڕافەکان ئەنجامدران ، هەرچەند زۆرێک لە زانا دەروونیەکان خوڕافە بە مەیدانێک نازانن کە شایستەی توێژینەوە بێت چونکە پەیوەندارە بە هەڵەی باو و وەهمەکانی ناو خەڵک ، کەچی ئەوانەی لەبواری خوڕافە وبیرۆکە خوڕافیەکان توێژینەوەییان ئەنجامدا وهەرچەند ژمارەیان کەمە ، وەلێ زانیاری زۆر و گونجاویان بەدەست هێنا ( الحمدانی ، 1990 ،لا 14 ) .

توێژینەوەکان تایبەت نین بە چینێکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری دیاریکراو ، بەڵکو لە کۆمەڵگە و توێژە جیاوازەکانە ، وەک لەو توێژینەوەی لە وولاتی بەریتانیا دەرکەوتوە کە لە هەر ٦ کەسێک ،کەسێکیان بڕوای بەوە هەیە کە خانووە چۆڵەکان دێوەزمەی تێدایە ، ویەک لەسەر سێ ی خەڵک بورج و بەختییان هەفتانە دەخوێننەوە ، ولە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا توێژینەوەیک لەسەر بیرۆکە خوڕافیەکان لای قوتابیانی زانکۆ کرا و دەرکەوت بڕوایان بە خوڕافیات و بیرۆکە خوڕافیەکان زۆر بەرزە ، ولە ٧٠% ی قوتابیانی زانکۆ بڕوایان بەوە هەیە کە فاڵچییەکان دوارۆژی خەڵک دەزانن ، ولەوولاتی سویسرا ولەتوێژینەوەیکدا دەرکەوتووە کەوا تاکەکانی کۆمەڵگا بڕوایان بە خەوەن و پێشبینی و جن هەیە ( الحمدانی ، 1990 ، لا 43) .

ولەتوێژینەوەی ( العیسوی ، 1982 ) دەردکەوێت کەوا بیرۆکە خوڕافیەکان لە وولاتانی عەرەبی زۆبەربڵاوە و ڕەگەزی مێ زیاتر بڕوایان بە بیرۆکە خوڕافیەکان هیە وەک لە ڕەگەزی نێر ( العیسوی ، 1982 ، لا 68 ) .

لەتوێژینەوەی (ناصر،١٩٩٩)لەسەر (١٠٠٠) قوتابی زانکۆی بەغدا ئەنجامدرابوو دەرکەوت بیرکردنەوەی خوڕافی لای قوتابیانی زانکۆ بەڕێژێکی بەرچاو هەیە بەڵام جیاوازی ڕەگەزی و پسپۆری لە بیرکردنەوەی خوڕافی نەبوو ( ناصر، ١٩٩٩، لا ٣٢ ) .

هەرچی توێژینەوەی (الموسوي ،2002 ) کە لەسەر (953) قوتابی کۆلیژەکانی زانکۆی کوەیت ئەنجام درابوو ، ئەنجامەکانی دەرکەوت کەوا ڕەفتارە خوڕافیەکان لای قوتابیانی زانکۆ بڵاوە و قبول کردنێکی دەروونی بۆ خوڕافە هەیە چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕیکلامی بۆ دەکەن ، هەروەک خراپ تێگەیشتن لە ئاین و لاسایی کردنەوە هۆکاری تری ڕەفتاری خوڕافیین لای قوتابیانی زانکۆ (الموسوي ، 2002 ، لا 67) .

ولەتوێژینەوەی(حمدان، ٢٠٠٥)هەوڵی گۆرینی بیرۆکەی خورافی بوو لای قوتابیانی لە ڕەگەزی مێ لە پەیمانگەی مامۆستایانی شاری موصل ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بیرۆکە خۆڕافیەکان بوونیان بەڕێژێکی بەرچاو هەیە ( حمدان، ٢٠٠٥، لا ١١ ) .

لە توێژینەوەی ( الربیع، ٢٠١٤) تایبەت بە بیرۆکە خورافیەکانی لای قوتابیانی زانکۆی یەرموک دەردەکەوێت کەوا قوتابیانی زانکۆ لە ڕەگەزی نێر زیاتر بیرکردنەوەی خورافییان هەیە وەک لای قوتابیانی زانکۆ لە ڕەگەزی مێ ( الربیع ، ٢٠١٤ ، لا ٤٨) .

ولەتوێژینەوەی ( حسن و عیسی ، ٢٠١٦ ) دەرکەوت بەهۆی ئەوەی خورافیات جۆرێک لە دڵنەوایی دەدات بە مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری بەغداد وئاستی دڵەڕاوکێ و ترسییان لە لا کەم دەکاتەوە ،هەر بۆیە مامۆستایانی باخچەی ساوایان ئاستی بیرکردنەوەی خورافییان لا بەرزە ( حسن و عیسی ، ٢٠١٦ ، لا ٢٢٤ ) .

**2 – 1 -2 – کۆرونا – کۆڤید ١٩ Superstitious thoughts**

ڤایرۆسی کورۆنای نوێ کە پێ ی دەڵێن کۆڤید ١٩ ، لە نەخۆشیە مەترسیدارەکانە و لەم دواییدا بە پەتای خێرا ناوزەند کرا ، و ئەم ڤایرۆسە بە چالاکترین ڤایرۆس دادەنرێت ، و بە هەرە مەترسیدار ئەژمار دەکریت لە ڕووی خێرایی بڵاوبوونەوەی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ ، بلاوبوونەوەی ئەم ئەم پەتای ڤایرۆسە لە ڕێگەی بەرکەوتن و دەست لێدانی ڕاستەوخۆ لەگەل تووشبوو و یان دەست لێدان لەو شوێنەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکە بێت لە ئەنجامی پژمین و یان لیک و کۆکەی تووشبوو و گەیشتنی بە ڕێرەوەی هەناسەی کەسێکی ساغ (www.who.int 2020 ).

بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی تەندروستی لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتای ( کۆرونا – کۆڤید ١٩ ) هۆشیاری بوو لە تووشبوون بەم ڤایرۆسە ،بەلام ئەوەی سوشیال میدیا بڵاوی کردەوە ، و زۆری و هەمەجۆری سەرچاوەکانی هەواڵ ، وموبالغە کردن لە گواستنەوەی دڵەڕاوکێ ی بۆتاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بەم ڤایرۆسە ، ڕەنگە هۆکاری دروست بوونی بیرۆکە نیگەتیڤییە ڕووخێنەرەکان بێت ، بەجۆرێک کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی تاک دانا .

هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش رۆژانە ڕاسپاردەی نوێ و هەمەجۆری بڵاو دەکردەوە ، و بەجۆرێک کە ئەم ڕاسپاردانە دەمانپاریزن لە بڵاوبونەوەی خێرای کۆڕونا ، ئەوکات و لە ئێستادا وەک کۆڕونا ببوو بە دەنگوباسی هەموو شوێنیک ،و کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی کرد بوو ، بەڵکو لەوەش زیاتر تەنها هەواڵێکی نوێ ی ئەم ڤایرۆسە ملیۆنان خەڵکی لە ماڵ کۆرنتین دەکرد ، ئیتر کارگە و قوتابخانە و زانکۆکان و هەموو جوڵەێکی دەوەستان، ولەبەرامبەردا بە ڕێنماییکی تەندروستی جارێکی تر ڕێکارەکانی توندی تەندروستی سووکتر دەکردەوە ،دیسان ژیان و کار وپیشە دەکەوتنەوە جوڵە وقوتابخانەو زانکۆ و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریەکان دەکرانەوە و ڕەنگە سەرچاوەی ڕەشبینی و شڵەژان و دوودڵیەکانی کۆمەڵگا ، ئەم بەرز و نزمیە بێت لە هەڵکشان وداکشانی بڵاوبونەوەی کۆڕونا- کۆڤید ١٩ .

قەیرانی کۆڤید ١٩ سەرەرای گشتگیری و توندی مەترسییەکانی و فراوانیەکەی ، یەکێک بوو لە ئاڵنگارییەکانی کە ڕووبەرووی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بویەوە ، وشێوازەکانی مامەڵە کردنی ئەم دامەزراوانە لەم چەند مانگەی دوایی حەقیقەتی سیستەمی کارگیری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی وەک قوتابخانە و زانکۆکانی بەدەرخست ، چونکە ئەم پەتا و ڤایرۆسە وەک تاقیکردنەوەێک وابوو بۆ توانا واقیعیەکانی حکومەتەکانی جیهان لە چۆینەتی ئیدارە کردنی قەیران و مامەڵە کردن لەگەل ڕەهەند و کاریگەریە جیاوازەکانی ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دامەزراوە زانکۆییەکان لەو کاتدا هەوڵی جیددی بدەن بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە شێوازە کلاسیک و کۆنەکانیان لە ئیدارە کردن و وبەکار هێنانی شێوازی ئیداری پشت بەستوو بە تەکنەلۆژیای زانیاری (عبد العال ، 2020 ، لا 3 ) .

بارودۆخی تاکی عیراقی ، ژیانی لەهەموو ساتێک وشوێنیک خستە ئەگەری رووبەری هەڕەشە ، کە ئەم هەڕەشانە دەرئەنجامی جەنگ وشەڕی بەردەوام و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکانە لەوەش پەتای کۆڕونا –کۆڤید ١٩ ، وئەم بارودۆخە تەنها هەڕەشە نەبوو لەسەر باری ئابووری و بایۆلۆژی بەڵکو لەسەر ئاستی دەروونیش ، بەمەش ژیانی تاکی خستە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقێن ( الصافي ، 2020 ، لا 349 ) .

لەبەر ئەوەی تێڕوانینەکانی مرۆڤ جیاوازە بەرامبەر بە کۆڕونا– کۆڤید ١٩ ، هەروەها مرۆڤەکانیش جیاواز دەبن لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی سروشت وبڵاوبوونەوەی وکاریگەرییەکانی ، ئەمەش بە جۆرێک دەرگای لەسەر پشت کردەوە بۆ بیرۆکەی خورافی تایبەت بەم پەتایە ، بەتایبەتیش لەسەرەتادا چینیکی کۆمەڵگا ئەم خوڕافیاتانەیان بەدڵ بوو و بڵاویشیان کردەوە ،و هەرکاتێک ساختە و گۆرین و بەلارێ بردن بەرزتر دەبۆوە پەتای کۆرونا زیاتر تەشەنەی دەکرد ، بەجۆرێک پەتای ( کۆڤید ١٩ ) ببوو بە ناونیشانی قۆناغێک خوڕافە و بیرۆکە خوڕافیەکان تیدا لە زۆر بووندا بن ، چونکە زیاد بوونی دوودڵی و شڵەژان و دڵەڕاوکێ خەڵک ، و گەڕان

بەدوای شیکردنەوەی ئاسان و تێروانینی سەرنج ڕاکێش ، بواری بە بیرۆکە خوڕافیەکانی تایبەت بە کۆڕونا – کۆڤید ١٩ دا ، زیاتر لەنێو کۆمەڵگا بڵاو ببێتەوە ( شاکر ، ٢٠٢٠ ، لا ١ ) .

لەگۆڤاری ( ساینتیفیک ئەمریکان Scientific American ) ئەو بیرۆکە خوڕافییانەی کە تایبەتن بە کۆڕوتای نویٚ – کۆڤید ١٩ :

أ- بوو کە لە تاقیگەکانی ووڵاتی چین دروست کراوە ، بەهۆی ئەوەی یەکەم تووشبوون لە شاری ( ووهان ) ی چینی بوو ،بەڵکو هەندێک پێیان وابوو ئەم پەتایە جۆرێکە لە چەکی بایۆلۆژی.

ب- ڤاکسینی کۆرونا سەیڤ نیە وەك کۆرونا مەترسیدارە ، دواتر دەرکەوت ئەمە بازرگانی کارگەکان بوون .

ج- کۆرونا لە لایەن کەسانی دوڵمەند بڵاو دەکریتەوە بۆ بازرگانی و سامان کۆکردنەوەی زیاتر ( لویس ، 2020 ، لا 1 ) .

و بەگوێرەی سایتی ( میدیکال نیوز تودای )، گرنگترین ئەو بیرۆکە خوڕافییانەی کە تایبەتن بە کۆڕوتای نویٚ – کۆڤید ١٩ :

أ- کۆڕونا - کۆڤید – ١٩ کەس ناکوژێت ، و موبالغە کراوە لە مەترسییەکان و کاریگەرییەکانی ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پەتایە بەردەوامە بۆیە ئاماری ووردی مردووانی کۆرونا تا ئێستا دەست نیشان نەکراوە .

ب- بەستنی دەمامک زەرەری هەیە وەک سوود ، ودەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئۆکسجینی تاک وبەرز بوونەوەی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن https://www.medicalnewstoday.com

و بەگوێرەی زۆریك لە سایت و گۆڤار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەندیک لە بیرۆکە خوڕافییانەی کە تایبەتن بە کۆڕوتای نویٚ – کۆڤید ١٩ بلاو دەبوونەوە لەوانەش :

أ- کۆرونا بە گەرمای هاوین نامێنیت .

ب- هەر کاتێک تووشی کۆرونا بیت ئەوا جارێکی تر تووش نابیتەوە .

ج- منداڵان تووشی ئەم پەتایە نابن .

د- خواردنەوە کحولیەکان ڕێگرە لە تووشبون بە کۆرونا .

ە- گەرماو کردن بە ئاوی گەرم دەتپارێزیت لە تووش بون بە کۆرونا .

و- کەشوهەوای گەرم و شێدار ڕێگرە لە تووشبون بە کۆرونا .

ز- خواردنی هێلکە ومریشک بلاوبونەوەی کۆرونا زیاتر دەکات .

ح- کەشوهەوای سارد و بەفراوی بلاوبونەوەی کۆرونا زیاتر دەکات .

ط- یۆگا چارەسەری کۆرونا دەکات .

ي- بەکار هێنانی پاشەرۆی مانگا بۆ چارەسەری کۆرونا .

ك- خواردنی سیر وپیاز پارێزەرە لە تووشبون بە کۆرونا .

ل- کۆرونا زیاتر تووشی بە تەمەنەکان دەبێت ( عبد الحمید ، 2020 ، لا 3 ) .

**2 – 2 - توێژینەوەکانی پێشوو :**

لەبەر ئەستەمی بەدەست کەوتنی توێژینەوەیەک تایبەت بێت بە بیرۆکە خوڕافیەکانی پەتای کۆڕونا ، هەر بۆیە توێژەران ئەم توێژینەوانە دەخەنە ڕوو کە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە توێژینەوەکەیان هەیە :

- توێژینەوەی ( فرحان ، ٢٠١٥ ) : ئەم توێژینەوەیە ئامانجی بیرکردنەوەی خوڕافی بوو لای قوتابیانی زانکۆ لە وولاتی عیراق و لیبیا ، و دۆزینەوەی جیاوازی بە پیٚ ی ڕەگەز وپسپۆری خوێندن ، ( ٢٢٤ ) قوتابی سامپڵی توێژینەوە کە بەشیوەی چینایەتی هەرەمەکی و لە زانکۆیکی عیراقی و زانکۆیکی لیبیی هەڵبژێردرا بوو، پێوانەکانی توێژینەوە لە لایەن توێژەرەوە بە دوو شێوەی ڕاپرسی بنیات نرا بوو ، ڕاپرسی عیراق ٣٢ برگە و ڕاپرسی لیبیا ٣٥ )برگە بوو ،ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیری تێست ودووبارەکردنەوە بەکار هاتووە لە خاسیەتی سایکۆمەتری ، ئەنجامەکان دەریان خست کەوا بیرکردنەوەی خوڕافی لای قوتابیانی زانکۆکانی لیبیا و عیراق هەیە و قوتابیانی رەگەزی میٚ و قۆناغی یەکەم و پسپۆری مرۆیی زیاتر ئاستی بیرکردنەوەی خوڕافییان بەرزترە ( فرحان ، 2015 ، لا 258 ) .

- توێژینەوەی (حمادي ، 2020) :ئامانجی دۆزینەوەی کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی بلاوبوونەوەی کۆورنا وهۆشیاری تەندروستی لای تاکەکانی کۆمەڵگا ، سامپلی توێژینەوە بریتی بوو لە ١٨٥ کەس لە دانیشتوانی پاریزگای دیالی، پیوانەی توێژینەوەی بریتی بوو لە

ڕاپرسیكی ٣٣ برگە ،بەبەكار هێنانی ئامرازەكانی ئاماری لادانی پێوانەیی و ریژەی سەددی ، ئەنجامەكانی دەرییان خست كە ترس لە تووشبون بە كۆرونا لای سامپڵی توێژینەوە لە ئاستیكی بەرزە و زۆرینەی سامپڵ پییان وایە كۆرونا سزایكی خودابیە ، و ڕاگەیاندنەكان زۆر مبالغەیان لە كاریگەریەكانی كردووە (حمادي ، 2020 ، لا ٣٩٥ ) .

- توێژینەوەی ( الصافي ، 2020 ) : ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دۆزینەوەی ئاستەكانی دڵەڕاوكێ ی مردن بە پەتای كۆڕونا لەكۆمەڵگای عیراقی ودۆزینەوەی بەگوێرەی ڕەگەز ( نێر – مێ )،سامپڵی توێژینەوە پیكهاتبوو لە( ٣١٧ )كەس لە تەمەنەكانی ( ٢٠ ساڵی و ٢١-٣٩ ساڵی و ٤٠ – ٥٩ ساڵی و ٦٠ ساڵی بەرەو سەرووتر ) ، لەناو ئەم سامپڵەش ( ١٣٣ ) لە ڕەگەزی نێر بوو ، و( ١٨٥ ) لە رەگەزی مێ بوو ، پێوانەی توێژینەوەكە لە لایەن ( دونالد تمبلر ١٩٧٦ ) بە ئامادەكرا بوو ، جێگری بە ڕێگەی ئەلفا كرونباخ دەرهاتبوو ، ولە ئەنجامدا دەركەوت ئاستی دڵەڕاوكێ ی مردن بە كۆرونا زۆر بەرزە و هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی دڵەراوكێ ی مردن بە كۆرونا بەپێ ی ڕەگەز (الصافي، 2020 ، لا ٣٤٧ ) .

## 3 - میتۆد و كردارییەكانی توێژینەوە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وەسفی یە ، و كردارییەكانی توێژینەوە بەمجۆرەیە :

### 3 -1 - كۆمەڵگا توێژینەوە :

توێژەران كۆمەلگەی توێژینەوەكەیان دەست نیشان كرد كە بریتییە لە قوتابیانی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر بۆ سالی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ ، كە ژمارەی گشتی ئەم قوتابیانە ( ٢٣٩١٤ ) [1] قوتابی بوون .

### 3 - 2 – سامپڵی توێژینەوە :

توێژەران بە ڕێگەی( هەڕەمەكی سادە ) سامپڵی توێژینەوەیان هەڵبژارد كە بریتی بوو لە ( 560 ) قوتابی كوڕ و كچی كۆلیژەكانی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر ،و توێژەران بەمجۆرە ڕێكارەكانی هەڵبژاردنەكەنیان ئەنجامدا :

أ - سامپڵی خاسیتە سایكۆمەترییەكان وجێبەجێ كردنی سەرەتایی توێژینەوە لەناو كەمپەسی زانكۆ وەرگیراون ،كە ( 160 ) قوتابی كۆلیژی هونەرە جوانەكان و كۆلیژی كشتوكاڵ بوو ( 80 قوتابی كوڕ ، 80 قوتابی كچ ) قۆناغی دووەم و چوارەم بوون ، بڕوانە خشتەی ژمارە (١ ) .

خشتەی ژمارە ( ١ )

سامپڵی جێبەجێ كردنی سەرەتایی توێژینەوە

| كۆلیژ | قۆناغی دووەم | | قۆناغی چوارەم | | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| هونەرە جوانەكان | 20 | 20 | 20 | 20 | 160 |
| كشتوكاڵ | 20 | 20 | 20 | 20 | |

ب- سامپڵی جێبەجێ كردنی كۆتایی وبەدەست هێنانی ئەنجامەكانی توێژینەوە( 400 ) قوتابی بوو ، ولە ڕێگەی فۆرمی ئەلیكترۆنی - ئیمیڵی قوتابیان ئەنجامدران، توێژەرەان زیاتر لەو ڕێژەییان دابەش كردبوو بۆ ئەگەری ناتەواوی وەڵامەكان و نەگەیشتنەوەی وەڵامەكان ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢ ) .

خشتەی ژمارە ( ٢ )

سامپڵی جێبەجێ كردنی كۆتایی توێژینەوە

| كۆلێژەكان | ك. پەروەردە | | ك. ئەدەبیات | | ك. ئەندازیاری | | ك . زانست | | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | 400 قوتابی |
| ژمارەی قوتابی | 50 | 50 | 50 | 50 | 50 | 50 | 50 | 50 | |

[1] توێژەران ئەم داتایانەیان لە وێب سایتی فەرمی زانكۆی سەلاحەددین –هەولێر دەست كەوتووە .

**3 - 3 – پێوەری توێژینەوە :**

توێژەرەان لە پاش ئاراستە كردنی پرسیارێكی كراوە بۆ ( پزیشكەكانی بواری هەناسە وهەناو ، و مامۆستایان و قوتابیانی زانكۆی سەلاحەددین ) وسەیركردنی بڵاوكراوە زانستیەكانی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانیWHO تایبەت بە كۆڕونا وپێوانەكانی پێشوو و ئەدەبیاتی توێژینەوە لە بواری نەخۆشی پەتای كۆڕونا و بیرۆكە خوڕافیەكان ، هەڵسان بە ئامادەكردنی پێوانەی بیرۆكە خوڕافیەكانی كۆڕونا – كۆڤید 19 ، كە لە ( 37 ) بڕگە پێك هاتبوو ، و ( 3 سێ ) جێگرەوەی وەڵامدانەوەی هەیە ،ئەوانیش(بڕوام پێیەتی ، نازانم ، بڕوام پێی نیە ) ، ونمرەی جێگرەوەكان لە نێوان ( 3- 1 ) دەبێت ( بڕوانە پاشكۆی ژمارە 1 ) .

3 - 4 – خاسیتە سایكۆمەترییەكانی پێوەری توێژینەوە :

**3 - 4 – 1 - ڕاستگۆیی پێوانە :**

بۆ ئەنجامدانی ڕاستگۆیی پێوانە و دڵنیا بوون لە گونجانی بڕگەكانی پێوانەی توێژینەوە لە پیوانە كردنی بیرۆكە خوڕافییەكانی كۆڕونا ، توێژەران ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ( الصدق الظاهري ) یان پیادەكرد، وتیایدا پێوانەی توێژینەوەكەیان پیشكەش بە چەند پسپۆڕێكی پەروەردە و دەرونزانی و پزیشكانی بواری هەناسە و هەناو كرد كە ژمارەییان ( 9 هەڵسەنگێنەر ) بوو ، بڕوانە پاشكۆی ژمارە ( 2 ) ، وبەپی ی بۆچوونی هەڵسەنگێنەران ڕێژەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ڕێژەی سەددی ڕەزامەندی هەڵسەنگێنرانی پێوانەكە ( 90.9% ) ، و بڕگەكانی ژمارە ( 7،9 ، 16، 22 ، 29، 32) لادران ، چونكە ڕێژەی ڕەزامەندی (80%) ی هەڵسەنگێنەرانی بەدەست نەهێنا ، لە كاتێكدا ڕێژەی سەددی ڕەزامەندی هەڵسەنگێنرانی پێوانەكە لە نێوان ( 66.66% - 100%) ، وهەندێك لە بڕگەكانیش دەستكاری كران ، تا بەشێوەی كۆتایی ( 31 ) بڕگە لە پێوانەی توێژینەوە مایەوە ،بڕوانە پاشكۆی ژمارە ( 3 ) .

خشتەی ژمارە ( ٣ )

بڕگەكانی لادراو لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ڕێژەكانیان

| ڕیزبەندی بڕگە | ژ. ڕەزامەندی شارەزایان | ژ . نا ڕەزامەندی شارەزایان | ڕاستگۆیی گشتی بڕگە |
|---|---|---|---|
| 7 | 7 | 2 | 77.77 |
| 9 | 6 | 3 | 66.66 |
| 16 | 6 | 3 | 66.66 |
| 22 | 7 | 2 | 77.77 |
| 29 | 7 | 2 | 77.77 |
| 32 | 7 | 2 | 77.77 |

**3 - 4 – 2 – ڕاستگۆیی بیناكاری – هۆكاری جیاكاری :**

بە مەودای توانای بڕگەكان لە جیاكردنەوەی بەرزترین نمرە و نزمترین نمرە لە خاسیەتێك لای سامپڵی توێژینەوە دەوترێت جێبەجێكردنی هێزی جیاكاری ( القوة التمییزیة ) ی بڕگەكان ، هێزی جیاكاری بەكار دێت لە پێوانە پەروەردەیی و دەروونیەكان بۆ لابردنی ئەو بڕگانەی كە ناتوانێت جیاكاری بكات لەنێوان وەڵامدەرەكان و مانەوەی ئەو بڕگانەی كە هێزی جیاكارییان هەیە (كوافحة ، 2010 ، لا 79 ) .

وبەگوێرەی ( نانلی ، ١٩٧٨ ) هەر بڕگەیكی پیوانەیەك كە بینات دەنرێ بەرامبەر بە ( ٥ لە سامپڵە ) ، وهەر كاتێك ئەم ڕێژەیە زیاتر بێت ئەوە بواری ڕێكەوت لە شیكردنەوەی ئاماری كەمتر دەبێتەوە ( النبهان ، ٢٠٠٤ ، لا ١٦٣ ) .

بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی جیاكاری بڕگەكان ،نمرەی گشتی هەر وەڵامدەرێك دەست نیشان كرا ، دواتر فۆرمی ڕاپرسیەكان ڕێكخستنی بۆ كراوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە ، ئینجا ڕێژەی (27%) ی ئەو فۆرمانەی كە بەرزترین نمرەیان بەدەست هێناوە ناونرا بە كۆمەڵەی سەروو ، لەگەل (27%) ئەو فۆرمانە نزمترین نمرەیان بەدەست هێناوە ناونرا بە كۆمەڵەی خواروو ، وبە بەكار هێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە كۆمەڵایەتیەكان ناسراو بە (SPSS ) .

و بەكار هێنانی ( تی تێست - T-test ) بۆ دوو سامپڵ ، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نێوان كۆمەڵەی سەروو و خواروو دۆزرایەوە ، كاتێك ڕێژەی تی تیست دەبیتە نیشانەی هێزی جیاكاری بۆ بڕگەكە ، وبەگوێرەی ( نانلي ، 1978) لەو سامپڵەی كە ژمارەییان ( 160 قوتابی بوو ) ، ( 43 ) فۆرمی قوتابی وەك كۆمەلەی سەروو و (43 ) فۆرمی قوتابی وەك كۆمەڵەی خواروو دەست نیشان كرا ، بڕوانە خشتەی ( ٤ ) .

خشتەی ( ٤ )

هێزی جیاکاری بڕگەکانی بیرۆکە خوڕافیەکان

| ژ | کۆمەڵەی خواروو | | کۆمەڵەی سەروو | | ڕێژەی تی تێست | | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| .1 | 1.5581 | 0.73363 | 2.5581 | 0.70042 | 6.465 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .2 | 1.5349 | 0.63053 | 2.3953 | 0.82056 | 5.453 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .3 | 1.6512 | 0.86969 | 2.3721 | 0.87351 | 3.835 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .4 | 1.8140 | 0.87982 | 2.5116 | 0.70279 | 4.063 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .5 | 1.5581 | 0.79589 | 2.4651 | 0.73513 | 5.489 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .6 | 1.9302 | 0.93593 | 2.5349 | 0.82661 | 3.175 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .7 | 1.3256 | 0.60635 | 2.4186 | 0.76322 | 7.353 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .8 | 1.9302 | 0.88359 | 2.4884 | 0.66805 | 3.304 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .9 | 1.7674 | 0.94711 | 2.4419 | 0.82527 | 3.520 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .10 | 2.0698 | 1.00937 | 1.8372 | 0.99834 | 1.074 | 1.968 | بەڵگەدار نییە |
| .11 | 1.5581 | 0.76539 | 2.6279 | 0.65550 | 6.961 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .12 | 1.5116 | 0.63140 | 2.6977 | 0.51339 | 9.557 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .13 | 1.7442 | 0.84777 | 2.4651 | 0.88234 | 3.864 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .14 | 1.8837 | 0.87856 | 2.1860 | 0.87982 | 1.594 | 1.968 | بەڵگەدار نییە |
| .15 | 1.3488 | 0.68604 | 2.4419 | 0.85363 | 6.545 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .16 | 1.6512 | 0.78327 | 2.7674 | 0.47994 | 7.968 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .17 | 1.6279 | 0.81717 | 2.4884 | 0.70279 | 5.235 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .18 | 1.5116 | 0.63140 | 2.4651 | 0.76684 | 6.294 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .19 | 1.3488 | 0.65041 | 2.8140 | 0.50028 | 11.708 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .20 | 1.8372 | 0.78468 | 2.6279 | 0.61811 | 5.191 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .21 | 1.2791 | 0.54883 | 2.7442 | 0.49247 | 13.029 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .22 | 1.9111 | 0.8785 | 2.011 | 0.92462 | 1.031 | 1.968 | بەڵگەدار نییە |
| .23 | 1.6047 | 0.76031 | 2.1395 | 0.83328 | 3.109 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .24 | 1.5349 | 0.70200 | 2.5581 | 0.70042 | 6.766 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .25 | 1.5349 | 0.73513 | 2.5116 | 0.70279 | 6.298 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .26 | 1.2791 | 0.54883 | 2.2791 | 0.76612 | 0.954 | 1.968 | بەڵگەدار نییە |
| .27 | 1.4419 | 0.70042 | 2.5814 | 0.73136 | 7.379 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .28 | 1.3488 | 0.57253 | 2.8140 | 0.50028 | 12.636 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .29 | 1.5116 | 0.79798 | 2.4419 | 0.76539 | 5.517 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .30 | 1.5581 | 0.79589 | 2.6512 | 0.65041 | 6.973 | 3.291 | بەڵگەدارە |
| .31 | 1.3488 | 0.57253 | 2.7209 | 0.62965 | 10.572 | 3.291 | بەڵگەدارە |

بەگوێرەی خشتەی ( ٤ ) ژمارەی ئەو بڕگانەی کە هێزی جیاکارییان بەرز و بەڵگەداری ئاماری بووە ( ٢٧ ) بڕگە یە ، بەڵام بڕگەکانی ژمارە ( ١٠ ، ١٤ ، ٢٢ ، ٢٦ ) جیاکارییان نەگەیشتۆتە بەلگەداری ئاماری چونکە بەهای تی تێستی ئەم بڕگانە بچوکتر بوو لە باهای تی تیستی خشتەیی (1,968) و لە نمرەی سەربەستی ( ١٥٨ ) ، هەر بۆیە ئەم ( ٤ ) برگەیە لە جێبەجێ کردنی کۆتایی پێوانەکە لادەبرێن ، وبەمشێوەیە پێوانەی بیرۆکە خوڕافیەکان بۆ جێ بەجێ کردنی کۆتایی پێکدێت لە ( ٢٧ ) برگە .بڕوانە پاشکۆی ( ٤ )

**3 - 4 – 3 – جێگیری پێوەری توێژینەوە:**

جێگیری واتە ووردی و چوونیەکی برگەکانی پێوەرەکە ، و یان تاکێک هەمان نمرەی یان نمرەیکی نزیک لە نمرەی پێشوو وەرگرت ، ئەوا ئەم پێوانەیە پلەیکی گونجاوی جێگیری هەیە (میخائیل، 2015، لا ٨٩) .جێگیری پێوانەکە بەم ڕێگەیانە بوو :

١- تێست و دووبارەکردنەوە – اعادة الاختبار : توێژەران پێوەرەکەیان لەسەر سامپڵی یەکەمی کە ( ١٦٠) قوتابی یە ، پێوانەکەیان تەنها لەسەر (١٠٠) قوتابی جێبەجێکرد ،پاش ١٤ رۆژ لەم جێبەجێ کردنە جارێکی تر بەسەریان جێ بەجێ کرایەوە ، و بە ڕێگەی ( تێست و دووبارە کردنەوە ) بە بەکار هێنانی ئامرازی ئاماری ( پێرسۆن ) ،رێژەی جێگیری ( 0.87) دەرچوو .

٢ - چونیەکی ناوەکی – الاتساق الداخلي : وبە بەکار هێنانی تەکنیکی ئاماری ( ئەلفا کرونباخ ) لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری (SPSS) بەکار هات و ڕێژەی جێگیری پێوانەکە ( 0.91 ) دەرچوو .

**3 - 5 – ئامرازە ئامارییەکان :**

سەرجەم ئامارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بە هەگبەی ئاماری (spss) ئەنجامدران و تیایدا ئەم تەکنیکانەی ئاماری بەکار هاتوون ( هاوپەیوەندی پێرسۆن ، هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ ، تی تێستی یەک سامپل و دوو سامپڵ ).

**4 - 1- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەییان :**

ئامانجی یەکەم : دۆزینەوەی ئاستەکانی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گشتی ، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٥ ) .

خشتەی ژمارە ( ٥ )

جیاوازی لە ئاستی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لە نێوان ناوەندە ژمێری و ناوەندی گریمانی

| گۆڕاو | سامپڵ | ناوەندی گریمانی | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | جیاوازی بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| بیرۆکە خوڕافی کۆڤید 19 | 400 | •54 | 56.582 | 8.426 | 6.130 | 3.291 | هەیە لە ئاستی 0.001 ونمرەی سەربەستی 399 |

خشتەی ( ٤ ) ڕوونی دەکاتەوە کە ناوەندی ژمێری سامپڵی توێژینەوە کە (400) قوتابی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بوو ڕێژەکەی (56.582 ) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (8.426) ، و بە بەراورد کردنی لەگەل ناوەندی گریمانی پێوانە کە (54) بوو ، و بە بەکار هێنانی ( t.test ) بۆ یەک سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ، چونکە رێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (6.130) گەورەترە لە رێژەی تی تێستی خشتەیی کە (3.291) یە لە ئاستی (0.001) و نمرەی سەربەستی (399) .

بەمجۆرە دەتوانین بلێن کەوا ئاستەکانی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بەشێوەی گشتی بەرزترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا یان گریمان دەکرا .

ئەمەش هاو ئەنجامە لەگەل ئەنجامەی توێژینەوەی ( العيسوي ، 1984 ) و توێژینەوەی ( ناصر ، 1999 ) و توێژینەوەی ( الربيع ، 2014 ) و توێژینەوەی ( فرحان ، 2015 ) و توێژینەوەی ( حسن و عيسى ، 2016 ) .

و توێژەران بە پێ ی شارەزایی وزانیاریەکانی توێژەران ( شوێنی کارکردنیان لە زانکۆ )، و هەروەک لە گرفتی توێژینەوە ڕوونیان کردۆتەوە ، و بەگوێرەی زانیارییەکانی توێژەران بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆرونا ( کۆڤید ١٩ ) لەگەل بڵابوونەوەی ئەم پەتایە لای زۆربەی چین وتوێژە هەمەجۆرەکانی کۆمەلگەی کوردی بە خوێندەوار و نەخوێندەوار و گەورە و بچووک تەشنەی کردووە ، و بەتایبەتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر هەستی پێ دەکرێ و بە نمونەی ( نووشتە و دوعای پارێزبەندی دژ بە کۆڕونا ، ڕەشبینی لە هاوسەرگیری لە کاتی کۆڕونا ، مردنی بەساڵاچوان بە کۆڕونا ...هتد ) ، هەروەک توێژەران پێیان وایە بوونی بیرۆکە خوڕافییەکان یان نەبوونی گرێدراوە بە ژیانی مرۆڤایەتی ، بەڵام زۆربوونی لە ڕادەبەدەری بیرۆکە خوڕافییەکانی تایبەت بە نەخۆشی کۆڕونا دەبێتە کێشەیەکی گەورە و مەترسیدار وەک چۆن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە .

ولەبەر ئەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ( حمادي، 2020) کەوا دەرکەوتووە ترس لە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرونا لە زیادبوندایە ، و بە ئەنجامی توێژینەوەی ( الصافي ،2020) دەردەکەوێ کەوا خەڵک بەگشتی و قوتابیانی زانکۆ بەتایبەتی دڵەڕاوکێ ی مردنیان بە

• ناوەندی گریمانی =بەرزترین نمرەی وەڵامە هەڵبژاردەکان× ژمارەی برگە + نزمترین نمرەی وەڵامە هەڵبژاردە × ژمارەی برگە ÷ ٢

نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرونا لە زۆربوندایە ، هەر بۆیە توێژەرەوان پێیان وایە بەزیادبوونی ترس و دڵەڕاوکێی تایبەت بە کۆڕونا – کۆڤید ١٩ ، بوار بۆ بڵاوبونەوەی بیرۆکە خوڕافیەکانیش دەدات بە تایبەتی بیرۆکە خوڕافیەکانی کۆڤید ١٩ .

هەروەک توێژەران لە گرفتی توێژینەوە ئاماژەییان بەوە کردووە کەوا باس نەکردن و کەمی توێژینەوەی دەروونی و پەروەردەیی لە بابەتی ڤایرۆسی کۆڕونا ، لەوەیە بەرگەی دەروونی و شێوازەکانی بەرەنگار بوونەوەی دەروونی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆڕونا ١٩ ئاڵۆز تر بکات ، و ڕەنگە لەدەست دانی ئارامی دەروونی و دروست بوونی شڵەژان و دڵەڕاوکێ ی دەروونی لای تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە هۆکارێکی تری ئەم ئەنجامە بێت ، کە قوتابیانی زانکۆش بەشێکی بەرچاوی ئەم کۆمەڵگایەن .

ئامانجی دووەم : جیاوازی لە بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی :

أ- ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ ) ، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٥ ) .

خشتەی ژمارە ( ٥ )

جیاوازی لە ئاستی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 بە گوێرەی ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ )

| بیرۆکە خوڕافی کۆڤید 19 | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test ئەژمار کراو | t.test خشتەیی | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 200 | 55.625 | 9.020 | 2.285 | 1.968 | هەیە لە ئاستی 0.05 ونمرەی سەربەستی 398 |
| مێ | 200 | 57.540 | 7.690 | | | |

لە خشتەی ( ٥ ) دەردەکەوێ ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە ڕەگەزی ( نێر) کە ڕێژەکەی (55.625) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (9.020 ) ، کەمترە و نزمترە لە ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتبیانی (مێ) کە ڕێژەکەی (57.540) بوو بەلادانی پێوانەیی (7.690 ) .

وبەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ ،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری دەرچوو ، چونکە رێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (2.285) گەورەترە لە رێژەی تی تێستی خشتەیی (1.968) ولە ئاستی (0.05) ونمرەی سەربەستی (134) ، کەواتە ئاستی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابی کچ لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر زیاترە لە ئاستی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ وەک لای ڕەگەزی نێر – قوتابیانی کوڕ .

و ئەم ئەنجامەش و بە پێچەوانەی توێژینەوەی ( الربیع ، 2014 ) ، و هاوشێوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ( حمدان ، 2005 ) و (فرحان ، 2015 ) و ( حسن و عیسی ، ٢٠١٦ ) بوو ، وهەروەک لەتوێژینەوەی ( حسن و عیسی ، ٢٠١٦ ) دەرکەوتوە کە مامۆستایان لە ڕەگەزی مێ ئاستی بیرکردنەوەی خوڕافییان لا بەرزە ، چونکە خوڕافیات جۆرێک لە دڵنەوایی بەو مامۆستایانە دەدات وئاستی دڵەڕاوکێ و ترسییان لە لا کەم دەکاتەوە ( حسن و عیسی ، ٢٠١٦ ، لا ٢٢٤ ) .

بۆچووونی توێژەران ئەم ئەنجامە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی ( مێ ) لە کۆمەڵگەی کوردی ، کاتێک ئافرەتان فێری قبوڵ کردنی زوڵم و بێ دەسەڵاتی دەکرێ وەک بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی مێینە ،وڕەنگە ئەم بیرۆکە خوڕافیانەش ئافرەت بخاتە دۆخێکی خۆشتر لە واقیعەکەی و بڕوا هێنانیش پێیان دەرباز بوونیان لەو واقیعە ، لە لایەکی ترەوە ئافرەتان زۆر سۆزداریترن وەک لە پیاو ، ولەوەیە ئەم سۆزداریە کاریگەری لەسەر بیرۆکەکانی و شیوازی بیرکردنەوەی هەبیت ، و ای لێ بکات زۆرترین بڕوای بە بیرۆکە خوڕافیەکان بهێنیت .

ئامانجی دووەم : جیاوازی لە بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی :

ب- پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی ) ، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٦ ) .

خشتەی ژمارە ( ٦ )

جیاوازی لە ئاستی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید 19 بە پێ ی پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی )

| بیرۆکە خوڕافی کۆڤید 19 | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test ئەژمار کراو | t.test خشتەیی | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زانستی | 200 | 55.645 | 8.525 | 2.236 | 1.968 | هەیە لە ئاستی 0.05 ونمرەی سەربەستی 398 |
| مرۆڤایەتی | 200 | 57.520 | 8.240 | | | |

لە خشتەی ژمارە ( ٦ ) دەردەکەوێت ناوەندی ژمێری بیرۆکە خوڕافیەکانی کۆڤید 19 لای سامپڵی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە پسپۆری زانستی ڕێژەکەی (55.645) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (8.525) نزمترە لە ئاستی بیرۆکە خوڕافی کۆڤید 19 و ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتبیانی مرۆڤایەتی کە ڕێژەکەی (57.520) بوو بەلادانی پێوانەیی (8.240) .

وبەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵی جیاواز دەرکەوت جیاوازی بەلگەداری ئاماری هەیە لەینوان ناوەندەکانیان ، چونکە ڕێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (2.236) گەورەتر بوو لە رێژەی تی تێستی خشتەیی کە (1.968) لە ئاستی (0.05 ) و نمرەی سەربەستی (398) .

کەواتە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر لە پسپۆری مرۆڤایەتی ئاستی بیرۆکە خوڕافیەکانیان بەرزترە وەک لای پسپۆری زانستی لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین ، و ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی ( فرحان ، ٢٠١٥ ) ە .

ئەمەش لەوەیە بگەڕێتەوە ( بە بۆچوونی توێژەران) بۆ سروشتی پسپۆرییە زانستییەکان کاتێک ئەم پسپۆرانە زۆرتر مامڵە دەکەن لەگەل تاقیکردنەوەی زانستی و تیۆرە زانستی یە پیورەکان ، و بەڵکو لەوەیە زیاتر نزیکتر بن لەم نەخۆشییە بەتایبەتی پسپۆری یە بایلۆژی یەکانی وەک ( ڤایرۆس ناسی و مایکرۆبایۆلۆژی .....هتد ) ، کە ڕەنگە هۆکارێک بۆ نزم بوونەوەی ئاستی بیرۆکە خوڕافیەکانی کۆڤید 19 لەلایان.

**4 - 2 - ڕاسپاردەکان :**

- ئەنجامدانی کۆنفراس زانستی و تەندروستی و دەروونی دەربارەی پەتای کۆڕونا – کۆڤید ١٩ لە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ، بۆ کەم کردنەوەی ئاستی بیرۆکە خۆرافیەکانی تایبەت بە کۆڕونا .
- هەوڵدان بۆ ئەنجام دانی و وێرکشۆپی بەردەوام لەسەر کاریگەرەییە دەرونییەکانی کۆرونا – کۆڤید ١٩ ، بۆ ئەوەی قوتابیانی زانکۆ ئاگاجاری دواهەمین پێشهات و گۆڕانکاری بێت دەربارەی ئەم پەتا و ڤایرۆسە .

**4 – 3 - پێشنیارەکان :**

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بە پیوەندی لەگەل ئاستی هۆشیاری و دارایی خێزان، و بەراوورد کردنی لەگەل ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە .
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر بیرۆکە خوڕافیەکانی تایبەت بە کۆرونا لای قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەریمی کوردستان .

**5 - سەرچاوەکانی توێژینەوە :**

**5 – 1 – سەرچاوەی کتێب :**

1- أبراهيم ، نجيب اسكندر ورشدي، منصور ، ( 1982 ) ، ط 5 ، التفكير الخرافي ، دار الانجلو المصرية للنشر ، القاهرة.
2- أبو جادو ، صالح محمد علي و نوفل ، محمد بكر ، ( 2007 ) ، تعليم التفكير ــ النظرية والتطبيق ، ط1 ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .
3 -إلهامي ، فريدة ، ( 1982 ) ، التفكير الخرافي واثاره الاجتماعية ، ط1 ، دار المعارف المصرية ، القاهرة .
4 - حجازي ،مصطفى ،( 2005 ) ، التخلف الاجتماعي ــ مدخل الى سيكولوجية الانسان المقهور ، ط 9 ، المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء ، المغرب .
5 - الحمداني ، موفق ، (1990) ، السحر وعلم النفس ، ط1 ، شركة المعرفة للنشر والتوزيع ، بغداد .
6 - الرازي ، محمد بن أبي بكر بن عبد القادر (1986 ) ، المختار الصحاح ، ط2 ، مكتبة لبنان ،بيروت .
7 - الزاغة ، وفاء عبد الكريم ( 2009 ) ، التفكير الخرافي ، الطبعة الاولى ، دار ديبونو للنشر و التوزيع ، عمان ، الاردن .
8 - زيعور ، علي ( 2008 ) ، الحليل النفسي لخرافة و التمثيل و الرمز ، دار المجد ، المؤسسة الجامعية للدراسات ، بيروت .
9 - سرحان ، الدمرداش ومنير كامل ، (1963) ، التفكير العلمي ، ط1 ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة .
10 - سيجال ، روبرت أيه ( 2014 ) ، الخرافة :مقدمة قصيرة جداً ، ترجمة محمد سعد طنطاوي ، ط 1 ، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة .
11- الطيب ،عصام علي، 2007 ، أساليب التفكير –نظريات ودراسات وبحوث معاصرة ، عالم الكتب للنشر والطباعة ، القاهرة .
12- العتوم ، عدنان يوسف والجراح ، عبد الناصر ذياب ، ( 2007 ) ، تنمية مهارات التفكير ، ط1 ، دار المسيرة للنشر ، عمان .
13- عيسوي ، عبدالرحمن، ( 1984 ) ، سيكولوجية الخرافة والتفكير العلمي ، دار النهضة العربية للطباعة والتوزيع، بيروت .
14- كوافحة، تيسير مفلح، (2010) ،القياس والتقويم واساليب القياس والتشخيص في التربية ، الطبعة 3 ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، الاردن .
15- معوض ، رياض ( 1984 ) ، علم النفس التربوي ، ط4 ، دار الانجلو المصرية للنشر والتوزيع ، القاهرة .
16- ميخائيل ، مطانيوس نايف ( 2015 ) ، القياس و التقويم النفسي و التربوي للاسوياء و ذوي الحاجات الخاصة ، الطبعة 1 ، دار الاعصار للنشر والتوزيع ، الاردن .

17- النبهان ،موسى ( ٢٠٠٤ ) ، أساسيات القياس في العلوم السلوكية ، دار الشروق للنشر و التوزيع ، الاردن .

**5 – 2 – سەرچاوەی توێژینەوە و تێزە زانكۆییەكان :**

1- أبو سمره ، السيد ياسين محمد ( 2017 ) ، الدوافع النفسية للتفكير الخرافي وعلاقته ببعض سمات الشخصية دراسة مقارنة بين البيئات الريفية والحضرية ، جامعة عين شمس، مكتبة الرسائل الجامعية ، أطروحة دكتوراه .

2- حسن ، نضال سهيم و عيسى ، وفاء حسن (2016 ) ، التفكير الخرافي لمعلمات رياض الاطفال وعلاقته ببعض المتغيرات ، مجلة مركز البحوث والدراسات التربوية ،بغداد ، العدد 36 ، ص 223 – 238 .

3- الحفني ، عبد المنعم ،( 2005) ، الموسوعة النفسية علم النفس والطب النفسي ، ط2 ، مكتبة مدبولي ،القاهرة .

4- حمادي ، حسين إبراهيم ( 2020 ) ، الكلفة الاجتماعية لأزمة جائحة فيروس كورونا : دراسة ميدانية في ناحية العبارة ( محافظة ديالى ) ، مجلة كلية التربية ، جامعة واسط ، العدد 39 ، الجزء 2 .

5- حمدان ، سناء سعدي شيت ( 2005 ) ، أثر برنامج تعليمي في تعديل التفكير الخرافي لدى طالبات معهد إعداد المعلمات ، كلية التربية ، جامعة الموصل ، رسالة ماجستير غير منشورة .

6- الربيع ، فيصل خليل ( ٢٠١٤ ) ، التفكير الخرافي و علاقته بالكفاءة الذاتية العامة في ضوء بعض المتغيرات لدى طلبة جامعة اليرموك بالاردن ، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات ، العدد الثالث والثلاثون -1 ، ص 47 – 72 .

7- السامرائي ، مهدي صالح والعاني ، جمال عزيز ، ( 1990 ) ، انماط التفكير لدى طلبة كليات التربية ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، مركز البحوث التربوية والنفسية، جامعة بغداد.

8- الصافي ، تقي نوري جعفر ( 2020 ) ، مستوى قلق الناتج عن جائحة كورونا في ضوء بعض المتغيرات لدى عينة من المجتمع العراقي ، مجلة كلية التربية ، جامعة واسط ، العدد 39 ، الجزء 2 ، ص 347 – 366 .

9- عبد العال ، عنتر محمد أحمد ( 2020) ، إدارة المؤسسات الجامعية في ظل أزمة كوفيد 19 ، المجلة التربوية ، العدد 78 ، كلية التربية ، جامعة سوهاج .

10 - فتيحة ، بلعسلة ( 2018 ) ، الافكار اللاعقلانية و علاقتها بظهور المرض النفسي لدى الافراد ، مجلة الحكمة للدراسات التربوية و النفسية ، المجلد 6 ، العدد 15 ، ص 39 – 53 ، الجزائر .

11- فرحان ، على ناصر ( 2015 ) ، التفكير الخرافي وعلاقته ببعض المتغيرات ، مجلة البحوث التربوية و النفسية العدد 45 ، بغداد ، ص 258 -288 ) .

12- القرةغولي ، صبيحة ياسر و حمدان ، سناء سعدي شيت ( 2006 ) ، أثر برنامج تعليمي في تعديل التفكير الخرافي لدى طالبات معهد إعداد المعلمات ، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية ، المجلد 13 ، العدد 9 .

13- القضاة ، محمد أمين حامد (2013 ) ، درجة التفكير الخرافي لدى طلبة جامعة مؤتة في المملكة الأردنية الهاشمية وعلاقتها ببعض المتغيرات ، مجلة الدراسات ،العلوم التربوية ، المجلد 40 ، ملحق 3 ، الصفحات 865 - 877 ، الاردن .

14- كامل ، احمد ثامر ( 2019 ) : التفكير الخرافي و علاقته بمفهوم الذات الاكاديمي لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة بغداد ، مجلة الجامعة العراقية ، المجلد 44 ، العدد 3 ، الصفحات 350 – 365 ، بغداد ، العراق .

15- مصباح ، الهلي ( 2017 ) ، استبيان المعتقدات الخرافية الشائعة في الجزائر، مجلة العلوم النفسية و التربوية ،المجلد 3 ، العدد 3 ، جامعة الوادي ،الجزائر ، ص 460 – 473 .

16- الموسوي ، نضال حميد ( 2002 ) ، السلوك الخرافي عند طلاب جامعة الكويت ، المجلة التربوية ، مجلس النشر العلمي ، المجلد 6 ، العدد 62 ، الصفحات 191 – 231 ، الكويت .

17- ناصر ، كريمة كوكز خضر ، (1999) ، التفكير الخرافي لدى طلبة الجامعة وعلاقتهم بجنسهم وسكنهم وتخصصهم الدراسي ، رسالة ماجستير (غير منشورة) ، كلية التربية (ابن رشد) ، جامعة بغداد.

18- هلال ، أحمد الحسيني و أبوحمزة ، عيد جلال ( 2017 ) ، المعتقدات الخرافية لدى عينة من مختلفي سمات الشخصية من طلاب الجامعة ، مجلة كلية التربية ، جامعة طنطا ، المجلد 76 ، العدد 3 ، الجزء الاول .

19- ويلاند،هناند (1980 ) ، الاعتقاد الخرافي و المعتقد الشعبي في الفلكور الامريكي ، ترجمة نظمي لوقا ، مطبعة دار العالم الكبير ، القاهرة .

**5 – 2 – سەرچاوەی ئینترنیت :**

1- شاكر،حسام(٢٠٢٠)،تتويج الخرافه فى موسم كورونا، مقالة منشورة في:https://www.aljazeera.net/blogs/2020/4/10

2- عبد الحميد ، وائل ( 2020 ) ، 23 خرافة تتعلق بفيروس كورونا المستجد ، تقرير مجلة إنتربرينير الامريكية ، منشور في موقع مصر العرب : https://masralarabia.net

3- لويس ، تانيا ( 2020 ) ، 9 خرافات عصية على الاندثار حول كوفيد 19 ، تقرير منشور في موقع سانتيفيك امريكان : https://www.scientificamerican.com/arabic/articles/features/nine-covid-19-myths

4- منظمة الصحة العالمية https://www.who.int/ar

5- موقع ميديكال نيوز توداى https://www.medicalnewstoday.com

پاشكۆی ژمارە (١)

پێوانەی بیرۆكە خورافییەكانی كۆڤید ١٩ بە شێوەی سەرەتایی

زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر - كۆلێژی هونەرەجوانەكان - پەروەدە

مامۆستای هەڵسەنگێنەر ... سڵاو وریز......

لەژێر ناونیشانی ( بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ لای قوتابیانی زانکۆ ) توێژەران هەلدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک ، ولەبەر نەبوونی پێوانەیکی ستاندەری زانستی و بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیە ، وبەسوود وەرگرتن لە پرسیاری کراوە و پێوانەوە و توێژینەوەکانی پێشوو و بڵاوکراوە زانستی یەکانی WHO تایبەت لەم بوار، توێژەران پێوانەیەکیان ئامادە کردووە ، داواکارین لە بەڕێزتان گونجاوی و نا گونجاوی برگەکانی ئەم پێوانە یە دەست نیشان بکەن لە پێوانە کردنی ئەم چەمکە .. وەڵامە هەڵبژاردەکانی ئەم پێوانەیە بریتی یە لە (بڕوام پێیەتی ، نازانم ، بڕوام پێ ی نیە ) .

پێناسەی توێژەران بۆ بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڤید ١٩ : بیرۆکەیەکە یان چەند بیرۆکەیەکن کە لەگەل بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ بلاوبۆتەوە و لەگەل واقیع ناگونجییت و بە شێوەیکی زانستی نەسەڵمێنراون . سوپاس و ڕێزمان قبول بکەن ...

توێژەران

د . سازە حسین ڕەسوڵ    د.دیار محی الدین صادق

| ژ | برگە و پرسیارەکان | گونجاوە | نە گونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| .1 | شوێنە ئاینی یەکان لە کۆرونا پارێزراون . | | | |
| .2 | هەڵواسینی دوعای ئاینی لە کۆرونا دەمانپارێزییت . | | | |
| .3 | خەو بینین بە کۆرونا ،ئاماژەی تووش بوونە بە کۆڕونا. | | | |
| .4 | کۆڕونا سزای خوایە بۆمرۆڤایەتی . | | | |
| .5 | کۆڕونا بازرگانییکی نوێ ی جیهانە . | | | |
| .6 | بە خواردنی هیلکە و مریشک تووشی کۆڕونا نابیت . | | | |
| .7 | خۆشوشتن بە ئاوی گەرم پارێزەری تووش نەبونە بە کۆرونا . | | | |
| .8 | بەرهەمەکانی دروستکراوی چین پر ڤایروسی کۆرونا یە . | | | |
| .9 | مێش و مەگەزیش کۆڕونا بلاو دەکەنەوە . | | | |
| 10 | یۆگا رێگرە لە تووشبوون بە کۆڕونا . | | | |
| 11 | هیندی یەکان دەڵێن پاشماوەی مانگا چارەسەری کۆرونا یە . | | | |
| 12 | ڤیتامینەکان چارەسەری کۆڕونا یە . | | | |
| 13 | کۆڕونا زیاتر بەساڵاچوان دەکوژێیت . | | | |
| 14 | خواردنی سیر وپیاز دەمانپارێزیت لە کۆڕونا . | | | |
| 15 | دەست نوێژهەڵگرتن پارێزەمانە لە تووشبوون بە کۆرونا . | | | |
| 16 | ئاژەلی ماڵی هۆکارێکی تووشبونە بە کۆرونا . | | | |
| 17 | غەرغەری دەم ولوت بە خوێاو باشترین چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| 18 | خواردنەوە کحولی یەکان توشبون بە کۆڕونا کەمتر دەکاتەوە . | | | |
| 19 | بە کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کۆرناش تەواو دەبێت . | | | |
| 20 | پێکووتەکانی منداڵی پارێزەرن لە تووشبوون بە کۆرونا . | | | |
| 21 | دەوڵەمەندەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |
| 22 | کەمامە و دەستکێش ناتپارێزن لە تووشبون بە کۆرونا . | | | |
| 23 | بلاوبونەوەی کۆرونا بۆ پێ نەدانی مووچە یە . | | | |
| 24 | سووتاندنی بخوور لەناو ماڵ دەتپارێزیت لە کۆڕونا . | | | |
| 25 | مردن بە کۆڕونا گەورەترین درۆی سەردەمە . | | | |
| 26 | ڕاگەیاندن ترسی کۆڕونای مەزنتر کرد . | | | |
| 27 | وەرزشوانەکان بە کۆرونا نامرن . | | | |
| 28 | تووشبون بە کۆڕونا جۆرێکە لە بەچاو چوون و حەسوودی . | | | |
| 29 | کۆڕونا بەکتریایە نەوەک ڤایرۆس . | | | |
| 30 | بیبەری تێژ لەناو خواردن باشترین چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| 31 | خراپییەکانی مرۆڤە دروستکاری کۆڕونا بوو . | | | |
| 32 | کۆڕونا نا گوێزرێتەوە ، وئەندامانی خێزانێک هەموو تووش نابن . | | | |
| 33 | کۆڕونا تووشی منداڵان نابیت . | | | |
| 34 | کۆرنتین باشترین چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| 35 | یەکجار چاکبونەوە لە کۆڕونا هەرگیز تووشت نابێتەوە . | | | |
| 36 | جگەرەکێشەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |
| 37 | بەرپرسەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |

پاشکۆی ژمارە ( ٢ )

ناوی ونازناو وشوێنکاری هەڵسەنگێنەرانی راستگۆیی ڕواڵەتی پێوانەی توێژینەوە

| ناو نازناو | پسپۆری | زانکۆ -کۆلیژ |
|---|---|---|
| پ .د . ئاسو سعید صالح | ڕینمایی پەروەردەی و دەروونی | بەغداد – کۆلیژە پەروەردە –ئیبن هەیسەم |
| پ..د . ڕێزان علی ابراهیم | دەرونزانی پەروەردەیی | سەلاحەددین – هەولێر ، کولێژی ئەدەبیات |
| پ .ی.د . آزاد علی إسماعیل | تەندروستی دەروونی | کۆیە – فاکەڵتی زانست و تەندروستی |
| پ .ی.د . بان صباح یحی | دەرونزانی پەروەردەیی | سەلاحەددین – هەولێر ، کولێژی پەروەردەی بنەرەتی |
| پ .ی.د.محمد محی الدین صادق | پێوانە و هەڵسەنگاندن | سەلاحەددین – هەولێر ، کولێژی پەروەردە |
| پ .ی.د.هۆشیار أمین أحمد | پەرستیاری کۆمەڵ | پۆلەتەکنیک -کۆلیژی تەکنیکی تەندروستی هەولێر |
| د.قادر حسین صالح | دەرونزانی کەسایەتی | سلێمانی –ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان |
| د.کارزان بەهرام مولود | بۆرد لە نەخۆشیەکانی هەناو | نەخۆشخانەی ئیبن بەیتار – بەغداد |
| د . ئاراس نەجمەدین عبدولغەفور | فسیۆلۆژی ئیکلینکی مێشک | سەرۆکی دیسکی تەندروستی – ڕووداو تی ڤی |

پاشکۆی ژمارە ( 3 )

پێوانەی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڕونا بۆ جێبەجێ کردنی سەرەتایی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر - کۆلیژی هونەرە جوانەکان - پەروەردە

قوتابی بەرێز ...سڵاوێکی زانستیانەی گەرم ...

ڕاپرسییەی بەردەست بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەێکی زانستیە داواکارین لە بەرێزتان بەووردی پرسیارەکانی بخوێننەوە ، چونکە هیچ وەڵامێک دروست نیە بۆیە وەڵامی دروست تەنها بۆچوونی بەرێزتان بێت، وتا ڕاستگۆیانە وەڵامی برگەکان بدەنەوە سوودی زیاترە ، و دڵنیا بن سەرجەم وەلامەکان تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەکار دەهێنرێن .

تێبینی / - لە وەڵامدانەوە تەنها هێمای ( √ ) لە ژێر یەکێک لەم وەڵامانەدابنە : بڕوام پێیەتی ، نازانم ، بڕوام پێی نیە

- بۆ هەر برگەیەێک تەنها ( یەک وەڵام ) هەڵبژێرە .

و سەرەتا ئەم زانیاریانە وەڵام بدەرەوە :

| ڕەگەزی قوتابی | | کۆلێژ | بەش | پسپۆری |
|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | | | |

- لەگەل ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزمان ...

توێژەران

د.ســـازە حسیــــــن رســـول

د . دیار محي الدین صادق

| ژ | برگە و پرسیارەکان | بڕوام پێیەتی | نازانم | بڕوام پێی نیە |
|---|---|---|---|---|
| .1 | شوێنە ئاینیەکان لە کۆڕونا پارێزراون . | | | |
| .2 | دوعای ئاینی لە کۆڕونا دەمانپارێزێت . | | | |
| .3 | خەو بینین بە کۆڕونا ، تووش بوونە بە کۆڕونا. | | | |
| .4 | کۆڕونا سزای خوایە بۆمرۆڤ . | | | |
| .5 | کۆڕونا بازرگانیکی نوێ ی جیهانە . | | | |
| .6 | بە خواردنی هیلکە و مریشک تووشی کۆڕونا نابین. | | | |
| .7 | بەرهەمەکانی دروستکراوی چین پر ڤایروسی کۆرونا یە . | | | |
| .8 | یۆگا ڕێگرە لە تووشبوون بە کۆڕونا . | | | |
| .9 | هیندی یەکان دەڵێن پاشماوەی مانگا چارەسەری کۆرونا یە . | | | |
| .10 | ڤیتامینەکان تاکە چارەسەری کۆڕونا یە . | | | |
| .11 | کۆڕونا تەنها بەتەمەنەکان دەکوژێت . | | | |
| .12 | بەخواردنی سیر وپیاز تووشی کۆڕونا نابین . | | | |
| .13 | دەست نوێژهەڵگرتن ناهێڵێت تووشی کۆڕونا بم. | | | |
| .14 | غەرغەرەی دەم ولوت بە خوێواو تاکە چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| .15 | خواردنەوە کحولیەکان ناهێڵێت تووشی کۆڕونا بم. | | | |
| .16 | بە کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کۆرناش تەواو دەبێت . | | | |
| .17 | پێکووتەکانی سەردەمی منداڵی ناهێڵێت تووشی کۆڕونا بین. | | | |
| .18 | هەرگیز دەوڵەمەندەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |
| .19 | بلاوبونەوەی کۆرونا بۆ نەدانی مووچە یە . | | | |
| .20 | سووتاندنی بخوور لەناو ماڵ دەتپارێزێت لە کۆڕونا . | | | |
| .21 | زۆری مردن بە کۆڕونا گەورەترین درۆی سەردەمە . | | | |
| .22 | ڕاگەیاندنەکان کۆڕوناییان گەورە کرد . | | | |
| .23 | وەرزشوانەکان بە کۆرونا نامرن . | | | |
| .24 | حەسوودی تووشی کۆڕونای کردم. | | | |
| .25 | خواردنی بیبەری تیژ باشترین چارەسەری کۆڕونایە . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .26 | کۆڕونا ئەنجامی خراپییەکانی مرۆڤە. | | | |
| .27 | کۆڕونا هەرگیز تووشی منداڵان نابێت . | | | |
| .28 | کۆرنتین تاکە چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| .29 | یەکجار تووشبون بە کۆڕونا هەرگیز تووشت نابێتەوە . | | | |
| .30 | جگەرەکێشەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |
| .31 | بەرپرسەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |

پاشکۆی ژمارە ( ٤ )

پێوانەی بیرۆکە خوڕافییەکانی کۆڕونا بە شێوەی کۆتایی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر - کۆلیژی هونەرە جوانەکان – پەروەردە

قوتابی بەڕێز ...سڵاوێکی زانستیانەی گەرم ...

ڕاپرسییەی بەردەست بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەێکی زانستیە داواکارین لە بەڕێزتان بەووردی پرسیارەکانی بخوێننەوە ، چونکە هیچ وەڵامێک دروست نیە بۆیە وەڵامی دروست تەنها بۆچوونی بەڕێزتان بێت، وتا ڕاستگۆیيانە وەڵامی بڕگەکان بدەنەوە سوودی زیاترە ، و دڵنیا بن سەرجەم وەلامەکان تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەکار دەهێنرێن .

تێبینی / - لە وەڵامدانەوە تەنها هێمای ( √ ) لە ژێر یەکێک لەم وەڵامانەدابنە : بڕوام پێیەتی ، نازانم ، بڕوام پێی نیە

- بۆ هەر بڕگەیەێک تەنها ( یەک وەڵام ) هەڵبژێرە . و سەرەتا ئەم زانیاریانە وەڵام بدەرەوە :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | | کۆلێژ | | بەش | |

- لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزمان ...

توێژەران

د.ســــازە حسیـــــــــن رســـول د . دیار محي الدین صادق

| ژ | بڕگە و پرسیارەکان | بڕوام پێیەتی | نازانم | بڕوام پێی نیە |
|---|---|---|---|---|
| .1 | شوێنە ئاینیەکان لە کۆرونا پارێزراون . | | | |
| .2 | دوعای ئاینی لە کۆرونا دەمانپارێزێیت . | | | |
| .3 | خەو بینین بە کۆرونا ، تووش بوونە بە کۆڕونا. | | | |
| .4 | کۆڕونا سزای خوایە بۆمرۆڤ . | | | |
| .5 | کۆڕونا بازرگانیکی نوێ ی جیهانە . | | | |
| .6 | بە خواردنی هیلکە و مریشک تووشی کۆڕونا نابین. | | | |
| .7 | بەرهەمەکانی دروستکراوی چین پڕ ڤایروسی کۆرونا یە . | | | |
| .8 | یۆگا ڕێگرە لە تووشبوون بە کۆڕونا . | | | |
| .9 | هیندی یەکان دەڵێن پاشماوەی مانگا چارەسەری کۆرونا یە . | | | |
| .10 | کۆڕونا تەنها بەتەمەنەکان دەکوژێت . | | | |
| .11 | بەخواردنی سیر وپیاز تووشی کۆڕونا نابین . | | | |
| .12 | دەست نوێژهەڵگرتن ناهێڵێت تووشی کۆڕونا بم. | | | |
| .13 | خواردنەوە کحولیەکان ناهێڵێت تووشی کۆڕونا بم. | | | |
| .14 | بە کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کۆرناش تەواو دەبێت . | | | |
| .15 | پێکووتەکانی سەردەمی منداڵی ناهێڵێت تووشی کۆڕونا بین. | | | |
| .16 | هەرگیز دەوڵەمەندەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |
| .17 | بلاوبونەوەی کۆرونا بۆ نەدانی مووچە یە . | | | |
| .18 | سووتاندنی بخوور لەناو ماڵ دەتپارێزێت لە کۆڕونا . | | | |
| .19 | زۆری مردن بە کۆڕونا گەورەترین درۆی سەردەمە . | | | |
| .20 | وەرزشوانەکان بە کۆرونا نامرن . | | | |
| .21 | حەسوودی تووشی کۆڕونای کردم. | | | |
| .22 | خواردنی بیبەری تیژ باشترین چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| .23 | کۆڕونا هەرگیز تووشی منداڵان نابێت . | | | |
| .24 | کۆرنتین تاکە چارەسەری کۆڕونایە . | | | |
| .25 | یەکجار تووشبون بە کۆڕونا هەرگیز تووشت نابێتەوە . | | | |
| .26 | جگەرەکێشەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |
| .27 | بەرپرسەکان تووشی کۆڕونا نابن . | | | |

**أفكار الخرافية لكوفيد19 لدى طلبة جامعة صلاح الدين – اربيل**

**سازه حسين رسول**
جامعة صلاح الدين / كلية الفنون الجميلة
saza.rasul@su.edu.krd

**ديار محى الدين صادق**
جامعة صلاح الدين / كلية التربية
diyar.sadeq@su.edu.krd

**ملخص**

يهدف البحث الحالي للتعرف على مستوى أفكار الخرافية لكوفيد19 لدى طلبة جامعة صلاح الدين – اربيل بصورة عامة ، وحسب المتغير الجنس ( الذكور - الاناث ) و متغير الاختصاص (العلمية – الانسانية ) ،بلغت عينة البحث (560) طالباً وطالبة ، منها ( 160 ) كعينة البحث الاولية ، و ( 400 ) طالب و طالبة لعينة البحث النهائية ، تم اعداد مقياس البحث من قبل الباحثان وكانت عدد فقراتها ( 37 فقرة ) ، وبعد التحقق من الخصائص السايكومترية للمقياس ( الصدق الظاهري و معامل التمييز و الثبات ) أصبحت المقياس في ( 27 ) فقرة للتطبيق النهائي ، تم إستخراج الثبات بطريقتي اعادة الاختبار و طريقة ألفاكرونباخ ، وبعد تطبيق المقياس على العينة النهائية للبحث ، تم معالجة جميع الأحصائيات بإستخدام الحقيبة الإحصائية للعلوم الإجتماعية (SPSS) ، وأظهرت النتائج أن مستوى أفكار الخرافية لكوفيد19 لدى طلبة جامعة صلاح الدين – اربيل بصورة عامة عالية ، وأن مستوى أفكار الخرافية لكوفيد19 لطلبة (الاناث ) ( الاختصاصات الانسانية ) أكثر .

**الكلمات المفتاحية :** أفكار الخرافية ، كوفيد19

**Superstitious Ideas of Coved 19 among students of Salahaddin University - Erbil**

**Saza Hussen Rasul**
Department of Music College of Fine Arts / Salahaddin University-Erbil
saza.rasul@su.edu.krd

**Diyar Mohialdeen Sadeq**
Department of Educational and Psychology / College of Education / Salahaddin University-Erbil
diyar.sadeq@su.edu.krd

**Abstract**

The current research aims to identify The level of superstitious ideas of Coved 19 among students of Salahaddin University - Erbil, and according to gender variables (males - females) and specialization variables (scientific - humanitarian), the research sample reached (560) male and female students, of which (160) as a primary research sample, and (400) male and female students for the final research sample, The search scale was prepared by the researchers and the number of its items was (37 items), and after verifying the psychometric properties of the scale (Face validity, Discrimination coefficient and Reliability), the scale became in (27) items for the final application, the Reliability of scale was extracted by two methods, Test and Re test way, and Alfa Cronbach way, after applying the scale to the final sample of the research, All statistics processing done by using the statistical bag of social sciences (SPSS), the results showed that The level of superstitious ideas for Coved 19 among students of Salahaddin University - Erbil in general is high, and the level of superstitious ideas of Coved 19 for students (females) and (humanities) are more level.

**Keywords:** superstitious ideas, Coved 19.